# پردی قشڵاخ



پردی قشڵاخ
نزیك شاری سنه
لەسەردەمی سەفەویەکاندا دروست کراوە

# ئەم گۆڤارە

خوێنەری بەڕێز

دەبوایە ئەم گۆڤارە لەیەکەم ساڵی تەمەنی (یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان) دا ، سەرەتای ساڵی ١٩٩٣ دەربچوایە. بەڵام لەبەر بێدەرامەتی ئەوسای یەکێتی ئەندازیاران و گرانی نرخی چاپەمەنی لەو ساڵانەدا نەمانتوانی گۆڤارەکە دەربکەین. هەروەها هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە ناوەراستی ساڵی ١٩٩٤ دا و ئاڵۆزبوونی باری سیاسی کوردستان کۆسپێکی تر بوو لەبەردەم دەرچونیدا. کۆتایی ساڵی ١٩٩٥ توانیمان هەندێك پارە پەیدابکەین ، کۆمیتەی باڵا بڕیاریدا هەریەك لە ئەندامانی بابەتێك ئامادەبکەن ، و داوامان لە ئەندازیاران کرد بابەتمان بۆ بنێرن تاکو بتوانین ژمارە (١)ی گۆڤارەکە دەربکەین، ئەوەبوو چەند ئەندامێکی کۆمیتەی باڵا بابەتەکانیان ئامادەکرد و کۆمەڵێ ئەندازیاریش هاتن بە دەنگمانەوە و بابەتیان بۆ ناردین ، ناوەراستی ساڵی ١٩٩٦ دەستمانکرد بە چاپکردنی بابەتەکان و نەخشەی بەرگەکەشمان ئامادەکرد، بەڵام بەهۆی روداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ـەوە ، هەرچیمان چاپ و ئامادەکردبوو، تیاچوو. کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ ئەندامانی کۆمیتەی باڵا لە سلێمانی گیرسانەوە بەڵام یەکڕیزی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانیان تێك نەدا ، و لەبەر پاراستنی ئەو یەکڕیزییە، چەند ساڵێك دەرکردنی گۆڤارەکە ڕاگیرا، بەڵام بە داخەوە هاوکارانمان لە هەولێر و دهۆك خۆیان جیاکردەوە و ئێمەش بڕیاری گرتنی کۆنگرەی دووەممان دا و کۆمیتەی باڵای نوێ هەڵبژێردرا و تأکید لەسەر دەرکردنی گۆڤارەکە کرایەوە. ئەمەش ژمارە (١)یەتی لەبەر دەستتاندایە.

ئەم ژمارەیەمان بابەتەکانی زیاتر (ئەرشیف)ین ، ئەو ئەرشیفانەش پێویستە نەفەوتێن و بڵاوبکرێنەوە . داوا لە هەموو ئەندازیاران و کەسانی تریش دەکەین (مەرج نیە ئەندازیار بن) کە توانایان هەیە بابەتمان بۆ بنوسن بە مەرجێك بابەتەکە پەیوەند بێت بە بواری زانستەکانی ئەندازەوە. بەهیوای بەردەوامبونی گۆڤارەکە. چاوەڕوانی بابەتەکانتانین.

سەرنوسەر

# ئەندازياران

ژمارە (1)

بەهاری ٢٠٠٢

## گۆڤارێکی ئەندازەیی وەرزانەیە

خاوەنی ئیمتیاز

یەکێتی ی ئەندازیارانی کوردستان

سەرنوسەر

طیب جبار امین

دەستەی نوسەران

رەنج عبدالحمید محمد

محمد ئازاد طه

نەوزاد عوسمان عبدالرحمن

کامەران حمه صالح کارگەچی

احمد عمر علي

عبدالکریم شاه محمد شاه حسین

ناونیشان :

سلێمانی /شەقامی سالم

بارەگای یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان

ژمارەی تەلەفۆن : ٣١٢٢١٦٥

نەخشەسازی : عمر فارس

جیاکردنەوەی رەنگەکان : جلیل حسین

چاپ : سەنتەری چاپ و پەخشی تەما

بەرگ : ئۆفسێتی شڤان


## لەم ژمارەیەدا:


* رۆژانەی کۆنگرەی دووەم ل ٢.
* بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی دووەم ل١٣ .
* یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان چۆن دامەزرا ؟ل ١٥ .
* رۆڵ و کاریگەری نەوت لە کوردستاندا ل ١٨.
* تێکردنی کۆنکریت ل ٢٥.
* لەحیم کردن ل ٢٧ .
* تەزو بڕ ل ٢٨ .
* چاوپێکەوتن ل ٢٩ .
* کارگەی خشت ل ٣١ .
* کارێز ل ٣٣ .
* بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی دامەزراندن ل ٣٨.

# رۆژانەی کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان

## ١٩-٢١/٩/٢٠٠١ سلێمانی

لەژێر دروشمی (ئاشتیو بوژانەوە)، یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان کۆنگرەی دووەمی خۆی لەرۆژانی ١٩ تا ٢٠٠١/٩/٢١ لەهۆڵی سلێمانی/سەنتەری چالاکی گەنجان بەست.

*رۆژی یەکەم ٢٠٠١/٩/١٩

سەعات (١٠)ی بەیانی رۆژی چوارشەممە (٢٠٠١/٩/١٩) بەئامادەبوونی بەڕێز مام جەلال سەرۆکی هەرێمی کوردستانو بەڕێز د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەڕێز قادر عەزیز سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانو بەڕێز محەمەد حاجی مەحمود سکرتێری حزبی شۆشیالیستی دیموکراتی کوردستانو بەڕێز بهاء الدین نوری سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانو ژمارەیەك لەهەڤاڵانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی حزبە سیاسیەکانی کوردستانو وەزیرو بریکاری وەزارەتەکانو نوێنەرانی رێکخراوە پیشەییو دیموکراتییەکانو ژمارەیەك لەئەندازیارانو نوێنەرانی کۆنگرە.



سەرەتای کۆنگرەکە بەبەخێرهاتنی میوانەکانو دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، پاشان وتاری کۆمیتەی باڵا لەلایەن ئەندازیار (سالار جەلال سەعید/سەرۆکی کۆمیتەی باڵا) خوێنددرایەوە (دەقی وتارەکە لەلاپەڕە ( ٩ ) بخوێننەوە) . پاشان هەڤاڵ مام جەلال سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتارێکی بەنرخی پیشکەش کرد، کەتیایدا هاتبوو ئەندازیاران توێژێکی گرنگی کۆمەڵگەنو رۆڵی گەورە دەگێڕن لەداهێنانو پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردەواریداو دەتوانن کوردستان زیاتر ئاوەدانو جوانو رازاوەتر بکەن (دەقی وتارەکە لەلاپەڕە (٤ ) بخوێننەوە). دواتر بەڕێز د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتارێکی پێشکەشکرد کەتیایدا هاتبوو حکومەت پشتیوانی ئەندازیارانەو هەموو کارئاسانیەك دەکات بۆ ئەندازیاران بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانیانو لەپێناوی خۆشگوزەرانیانداو هەمیشە پرسو راوێژ بەئەندازیاران دەکات لەکارو پرۆژەکانیدا (دەقی وتارەکە لەلاپەڕە ( ٧)دا بخوێنەرەوە). پاشان بروسکەی پیرۆزبایی حزبە سیاسیەکانی کوردستانو رێکخراوەکانو دەزگاکانی حکومەت خوێنرایەوە کە سەرجەم هیوای سەرکەوتنیان بۆ کۆنگرەو رۆڵی ئەندازیاران لەئاوەدانکردنەوەدا دەخواست .

(دەقی بروسکەکانو ناوی رێکخراوو دەزگاکان لەلاپەڕە (١١) بخوێنەرەوە).

دوای بەڕێخستنی بەڕێز سەرۆکی هەرێمو میوانە بەڕێزەکان، کۆنگرە دەستی بەکارە ئاساییەکانی خۆی کرد.

سەرەتا لەلایەن بەڕێز (طیب جبار امین) جێگری سەرۆکی کۆمیتەی باڵا راپۆرتی گشتی کارو چالاکیەکانی یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان خوێنرایەوە کە لەماوەی سالآنی (١٩٩٢-٢٠٠١) ئەنجامیاندابوو لەرووی دەستکەوتو کۆسپو کارگێڕیو داراییەوە، لەلایەن سەرجەم نوێنەرانی کۆنگرەوە پەسەندکرا، دواتر بەمەبەستی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە ئەم سێ ئەندازیارە هەڵبژێردران:

١-ئەندازیار طیب جبار امین- سەرۆك

٢-ئەندازیار نەوزاد عوسمان عەبدولرەحمان-جێگری سەرۆك

٣-ئەندازیار سەربەست عەبدولکەریم-بڕیاردەر

بەم شێوەیە دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە دەستنیشانکراو بەدرێژایی رۆژانی کۆنگرە توانیان زۆر بەسەرکەوتوویانە ئیدارەی کۆنگرە بەڕێوەبەرن، بە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە دانیشتنی سەرلەبەیانی کۆتایی هات، جێگای باسکردنە کە لەکۆی (١٤٤) ئەندامی کۆنگرە (١١٦) ئەندام ئامادەبوونو (٢٨) ئەندام ئامادەنەبوون.

**دانیشتنی دووەم پاش نیوەڕۆی ٢٠٠١/٩/١٩**

لەکاتژمێر (٣) پاشنیوەڕۆ کۆنگرە دەستی بە کارە ئاساییەکانی خۆی کردەوەو بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

بەئامادەبوونی (١١٨) نوێنەری کۆنگرە لەکەشێکی زۆر دیموکراسیو ئازاددا دەستکرا بەگفتوگۆکردن دەربارەی بەرنامەی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان تا کاتژمێر (٧)ی



ئێوارەی خایاندو توانرا بەرنامەیەکی هاوچەرخانە دابنرێت کەبگونجێت لەگەڵ ژیانی سەردەمو ئەرکەکانی ئەندازیاران دیاریبکات لەم قۆناغەداو خواستو ویستیان بهێنیتەدی.

**ڕۆژی دووەم ٢٠٠١/٩/٢٠ دانیشتنی سەرلەبەیانیو پاشنیوەڕۆ**

لەم ڕۆژەشدا کۆنگرە لەمیانی دوا دانیشتندا توانی گفتوگۆیەکی تێروتەسەل دەربارەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان بکات، دانیشتنی یەکەم لەکاتژمێر (٩)ی بەیانی دەستی پێکردو تا کاتژمێر (١) نیوەڕۆی خایاندو (١٢٤) ئەندام ئامادەی بوون، دانیشتنی دووەم کاتژمێر (٣)ی پاشنیوەڕۆ تاکو (٧)ی ئێوارەی خایاندو (١٢٠) نوێنەر ئامادەی بوونو توانرا پەیڕەوێکی نوێ دابڕێژێتەوە بەشێوەیەك جێگەی ڕەزامەندی ئەندامانی کۆنگرە بێت، جێگەی باسە لەمیانی گفتوگۆکاندا چەندین بڕیارو ڕاسپاردەش بڕیاردرا.

*ڕۆژی ٢٠٠١/٩/٢١

ئەم ڕۆژەی کۆنگرە تایبەت بوو بەپرۆسەی هەڵبژاردنی کۆمیتەی باڵای نوێی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان. بەپەرشتی دادوەر بەڕێز حاکم (کمال رشید)و نوێنەری پارێزگای سلێمانی بەڕێز مافپەروەر (بەکر عەبدولکەریم)و لیژنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنو ئامادەبوونی (١٢٧) ئەندام لەکۆی (١٤٤) ئەندامی کۆنگرە.

دەرگای خۆپاڵاوتن کرایەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی نوێی کۆمیتەی باڵا (١١ ئەندامی سەرەکی + ٤ئەندامی یەدەك)،٢٨ ئەندازیار خۆیان پاڵاوتو لەئەنجامی پرۆسەی نهێنی هەڵبژاردن لەئەنجامدا ١١ ئەندازیار هەڵبژێردران بۆ کۆمیتەی باڵاو (٤) ئەندازیاریش بوون بەئەندامی یەدەك (تکایە ناوەکانیانو ژمارەی دەنگەکانیان لەبەیاننامەی کۆتایی لەلاپەڕە ( ١٣ ) بخوێنەرەوە) بەم شێوەیە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێناو سەرجەم ئەندامانی کۆنگرە پیرۆزباییان لەئەندامانی کۆمیتەی باڵای نوێ کردو هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست ماڵئاوایان لەیەکتر کرد، بۆ ڕۆژی دوایی کۆمیتەی باڵای کۆبوونەوەوەو بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی دووەمیان دەرکرد.

کۆمیتەی باڵای نوێ لەیەکەم کۆبونەوەیدا ، ئیشوکارەکانیان بەتێکڕای دەنگ بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکرد:

١-ئەندازیار طیب جیار امین سەرۆکی کۆمیتەی باڵا
٢-ئەندازیار حامد قادر عەبدوڵڵا جێگری سەرۆك
٣-ئەندازیار سەربەست عەبدلکەریم سکرتێر
٤-ئەندازیار عالیە تۆفیق طاهر لێپرسراوی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە
٥-ئەندازیار فاتح عەبدوڵڵا عەباس لێپرسراوی لیژنەی ئاوەدانکرنەوە
٦-ئەندازیار سامی صابر عەلی لێپرسراوی لیژنەی زانستی



٧-ئەندازیار ڕەنج عەبدولحەمید محەمەد لێپرسراوی لیژنەی ڕاگەیاندن
٨-ئەندازیار پێشڕەو کەمال جەلال لێپرسراوی لیژنەی پەیوەندی
٩-ئەندازیار ئیبراهیم شاە محەمەد شاە حسێن لێپرسراوی لیژنەی کۆمەڵایەتی
١٠-ئەندازیار عوسمان قادر محەمەد لێپرسراوی لیژنەی کارگێڕی
١١-ئەندازیار ئیسماعیل طاهر ظاهر لێپرسراوی لیژنەی بەدواداچون

# دەقی وتەی مام جەلال لەکردنەوەی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ی ئەندازیارانی کوردستاندا

**بەناوی خوای گەورە**

**خوشك‌وبرایانی خۆشەویست**

لەپێشەوە پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەکەتان لێدەکەم، هەرچەندە خۆزگە ئەم کۆنگرەیە، کۆنگرەی هەموو ئەندازیارانی کوردستان بوایە لەسەرتاسەری کوردستان، بەڵام دیسان وەکو خۆتان نیشانتاندا بەستنی ئەم کۆنگرەیەتان زۆر باشترە لەنەبەستنی، هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازم، لەبەدیهێنانی ئەرکە پیشەییەکانی خۆتان، وەك ئەندازیار لەخزمەتکردنی ئەندازیارانی کوردستاندا، هەروەها لەبەدیهێنانی ئەرکە نیشتمانییەکانتان، کە بەدروشمەکەتان دروشمی (ئاشتیو بووژاندنەوە) ئێوە راستییەکەتان پێکاوە، هیوادارم ئێوەش رۆڵی خۆتان ببینن هەم لەچەسپاندنی ئاشتی لەسەرتاسەری کوردستاندا، هەم لەئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەگشتیو جوانترکردنی شاری سلێمانی شاری هەڵمەتو قوربانی بەتایبەتی، کەیەکێکە لەهیواکانی هەموو لایەکمان. خۆتان دەزانن حکومەتی ئێمە، ئەم حکومەتەمان حکومەتی قانونە، حکومەتی ئاوەدانکردنەوەو چەسپاندنی قانونە، دیارە ئێوەش وەك ئەندازیاران لەم حکومەتەدا رۆڵێکی دیارتان هەیە، سەرۆکی حکومەت چەندین وەزیری گرنگ لەحکومەتدا وەزیرانی ئاوەدانکردنەوە، کشتوکاڵو شارەوانی هەموویان ئەندازیارن، ئەوەش گرنگیی رۆڵی ئەندازیاران دەردەخات لەبەدیهێنانی ئەرکە نیشتمانییەکانیان، بۆیە هیوادارم بتوانن رۆڵێکی باش ببینن لەچەسپاندنی ئاشتی، کەشەرتە بۆ ئاوەدانکردنەوە، بێ ئاشتی ئاوەدانکردنەوە نابێت، هەروەها لەئاوەدانکردنەوەو بووژاندنەوەی هەمەلایەنەی وڵاتەکەماندا، چونکە وەکو خۆتان لەراپۆرتەکەتاندا باستان کرد ئێمە وڵاتێکی کاولو بێدەرامەتمان بۆ بەجێما، وڵاتێك کەبنەما ئابوورییەکەی هەڵتەکێنرابوو، بەراگواستنی جوتیاران لەلادێوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان، هەم کشتوکاڵ لەکوردستانو هەم ئاژەڵداری لەکوردستان نەهێڵرابوو یان زۆرکزکرابوو، کەئەوانەش بەدرێژایی مێژوو دووکۆڵەگەی ئابووریی کوردستان بوونە، ئێستا لەسایەی خواوە هەردووکیان دروست بوونەتەوە، کشتوکاڵ لەهەموو کوردستان، سەرەڕای ئەو کەمیی ئاووبارانە، بەردەوامەو پێم وایە ئاژەڵداریش گەیشتووەتە ئاستی پێش ئەنفالە بەدناوەکان. جا بۆ سەرخستنی دروشمەکەتان، جارێ بۆ ئاشتی ئێمە هەرچی لەدەستمان بێت کردوومانەو دەیکەین، دەتوانم ئەم مژدەیەتان بدەمێ کە لەنێوان ئێمەو برایانی پارتیدا ئاشتی واچەسپاوە کەبڕای بڕای جارێکی تر تووشی شەڕو پێکدادان نایەینەوە، هەردوولامان سوورین لەسەر هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکەی واشنتۆن، دیارە هەر کەسە بەدیدو بۆچوونی تایبەتی خۆمانەوە، بەڵام هەردوولامان لەم سەردەمەدا، بەتایبەتی لەکۆبوونەوەی ئەم دواییەدا گەیشتووینەتە ئەنجامی باش کەپێکەوە بۆ پاراستنی ناوچە رزگارکراوەکەمان، بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم هی دەرەوەو ناوەوە هاوکارو هاوخەبات بین.



ئێمە وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاشتیخوازین، بەتەمای شەڕو پەلاماردان نین لەگەڵ هیچ هێزێك چ کوردستانی بێت چ عیراقی بێت، بەتەمای پەلاماردانو گێچەڵکردن بەهیچ حکومەتێك نین، بەتەماین هەموو هێزو توانای خۆمان تەرخان بکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانو بووژاندنەوەی هەمەلایەنەی ژیانی وڵاتەکەمانو گەلەکەمان.

بۆیە بەتەمای پەلامارو هێرشی هێزێکی کوردستانی، عیراقی نین وە بەتەمای شەڕنین لەگەڵ کەس، بەڵکو بەتەمای پاراستنی ئاشتین لەوڵاتەکەماندا، بەتەماین درێژە بەئاوەدانکردنەوە بدەین، بەهەموو توانایەکمان. لەپێش هەموو شتێکدا خۆتان دەزانن ئێمە پلانێکمان هەیە کەئابووریی حکومەتەکەمان لەئابووری قاچاغەوە لەئابووریی تەنیا پشت بەستن بەگومرگەوە بگوازینەوە بۆ ئابوورییەکی پتەوی داڕێژراو لەسەر سەروەتو سامانی گەلەکەمانو توانای خەڵکە

تێکۆشەرە جوامێرەکەی کە لەناویاندا بێگومان ئەندازیاران لەم بوارەدا ڕۆڵێکی گرنگیان دەبێت. ئەویش بەبوژاندنەوەی کارگەکانمانە کەئەندازیاران ڕۆڵێکی پڕ لەسەروەرییان بووە لەپاراستن و گەشەپێدان و بووژاندنەوەی کارگەکانمان هەر لەهێڵی کارەبای دەربەندیخانەوە بگرە کەئەندازیارەکان ڕۆڵێکی جوامێرانەیان تێدابینی هەتا سەر بووژاندنەوەی هێڵی دووهەمی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنارو ئێستا خەریکی بووژاندنەوەی کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجەو کارگەکانی تری وڵاتەکەمانن، سوپاسی هەموو ئەو ئەندازیارو ئەو خوشك‌وبرایانە دەکەم کە لەو بوارەدا ڕۆڵیان بینیوەو هیوادارم هەموو لایەکمان بەشداری بکەین ، هەرکەسە لەئاستی خۆی بۆ بووژاندنەوەی کارگەکانمان کەئەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی باش هەم بۆکارپێکردنی کرێکارەکانمان و ئەندازیارەکانمان و هەم بۆ بوژاندنەوەی ئابووریمان و باشکردنی.

لەم ڕۆژانەدا بەتەحدید ڕۆژی شەممە هیوادارین کارگەی جگەرەش بکەوێتەوە گەڕوجگەرەی (سان) بکەوێتە بازاڕەوە کە لەپێشەوە واپێشبینی دەکرێت کەجگەرەیەکی ئەوتۆبێت لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی جگەرەکێشەوە پەسەند بێت، هەرچەندە جگەرەکێشان شتێکی خراپەو شتێکە بۆ تەندروستیی مرۆڤ زەرەری هەیە. ئەوەش خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی ترە بۆئەوەی لەئابووریی قاچاغەوە بەرەو ئابووریی پشت بەستن بەخۆمان بڕۆین، جگەلەوە حکومەتی هەرێم خەریکی گۆڕاندنی یاساکانی باج و یاساکانی عەقاری و چەندین یاسای‌ترە بۆ خستنەوە گەڕی ژیانی ئابووری بەشێوەیەکی گورجوگۆڵتر. هەروەکو خۆشتان دەزانن ئەمساڵ لەڕووی ئاوەدانکردنەوەو بیناسازیدا ساڵێکی باش و دیاربووە، ئەگەر سەرنجێك لەشارە حەیاتەکە بدەین دەبینین کەهەموو ئەو شتانەی پێوەدیارە، ئەو کەسانەی کەلەدەرەوە دێن زۆر بەئیعجابەوە تەماشای ئەو پێشکەوتن و جوانترکردنەی شاری سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی دەکەن، کەدیارە خۆتان دەزانن شایستەی هەموو جۆرە خزمەت و گەشەپێدانێکە.

جگە لەوە ئێمە خەریکی ڕێکخستنی لایەنە جیاجیاکانی ئابووریی خۆمانین بۆئەوەی بتوانین باشتر کەڵك وەربگرین لەتوانا و هێزو دەرامەت و سەرچاوەکانی وڵاتەکەمان. ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کەبەهیممەتی کرێکاران و تەکنیسیەنەکان و ئەندازیارەکانی خۆمان توانیومانە بۆ یەکەمجار لەمێژووی گەلەکەماندا نەوت هەڵێنجین، وەپاڵاوگەیەکی بچکۆلەش دروست بکەین، بۆ یەکەمجار لەمێژووی گەلەکەماندا نەوتی کوردستان بەدەستی خەڵکی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان هەڵدەهێنجرێ و دەپاڵێورێت، ئەوە هەرچەندە پرۆژەیەکی بچووکە، بەڵام پرۆژەیەکی پڕ لەسەروەری و شانازییە بۆ هەموومان، بۆ هەمووتان، بۆ ئەندازیارەکانمان، بۆ کرێکارەکانمان، بۆ تەکنیسیەنەکانمان، بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

هەروەها پەرەپێدانی پرۆژەکانی ئاوەدانی ڕێگاوبان بەشێوەیەك دەڕوات کەهەرچەندە لەئاستی ئاوات و ئامانجەکانمان نییە، بەڵام دڵخۆشکەرە، لەو بوارەدا من دەمەوێت تکایەك لەو ئەندازیارانە بکەم، یان داوایەك لەو ئەندازیارانە بکەم کە لەگەڵ دەزگاکانی(NGO) کاردەکەن بەتایبەتی لەهابیتات، کەگورجوگۆڵتربن لەداڕشتنی پلانەکان و زیاتر پەلەبکەن لەوەی کەزوو پرۆژەکان بەشێوەیەکی گونجاو پێشکەشبکەن، کەخەڵك بتوانێت بەڵێندەرەکان بتوانن وەریان بگرن و بتوانن ئیشی تێدا بکەن. من نموونەیەك دەهێنمەوە کەدەمەوێت بڵێم بەگلەییەوە ئەو نموونەیە دێنمەوە ڕێگای قەڵاچوالان–کونەماسی–دۆڵبێشکەکان–سەفرەو زەروون بەرەو قەڵادزێ لەپێشەوە بەنرخێکی زۆر کەم تەندەرەکەی پێشکەشکرا، کەکەس توانای نەبوو، بەشی چواریەکی ڕێگاکەشی نەدەکرد، دواتر چەند مانگێکە لەگەڵیان خەریکین تاکو بەشێوەیەکی نوێ پێشکەشی بکەنەوە، پێموایە تاکو ئێستا تەواو نەکراوە،کەئەمساڵیشمان لەکیس چوو، خۆتان دەزانن کەزستان داهات ئەم کارە ناکرێت، ئەوە هەقە ئەندازیارەکانمان کەلەو دەزگایانە کاردەکەن لەو(NGO) یانە کاردەکەن گیانی کوردایەتی و نیشتمانپەروەرییان هەمیشە لەدڵ و دەروونیان بێتە جۆش و خرۆش و هانیان بدات و ئەم ڕاستییە بزانن کەئەو مووچە باشەی وەریدەگرن کەئێمە پێمان خۆشە هەموو کورد مووچەی باش بێت، ئەوە هی خۆمانە هی بەشی (١٣٪)ەکەی خۆمانە هی بەشی کرێکاران و ڕەنجدەران و شەهیدان و پێشمەرگەو خەڵکی کوردستانی عێراقە، ئەوە خێروبێری هیچ وڵاتێکی تر نییە پێیان دەبەخشرێت، بۆیە هەقە لەئاستی ئەو مەسئولییەتەدابن و باشترو دڵسۆزانەترو گورجوگۆڵتر کارەکانیان ئەنجام بدەن. من دڵنیام بەشی هەرەزۆری ئەندازیارەکانی کوردستان هاوبیری منن لەوەی کەدەبێت هەموومان دوا توانای خۆمان بگوشین و بەکار بهێنین لەپێناوی گەشەپێدانی وڵاتەکاماندا، سیاسەتی پشت بەخۆبەستن سیاسەتێکە گەلەکەمان نەك هەر بەرزگاری و دیموکراسی دەگەیەنێت، نەك هەر بەپاراستنی سەربەخۆیی خۆمان، بەڵکو بەسەربەرزی و بەبەدیهێنانی کارەکانیشمان دەگەیەنێت. خۆتان باش دەزانن سیاسەتی کەناومان لێناوە (زەڕنەقووتە) سیاسەتێکە گەلان بەرەو دواخستن و بەرەو تەمەڵی و بەرەوسستی و کارنەکردن دەبات، بەڵام سیاسەتی پشت بەخۆبەستن سیاسەتێکە هەموومان دێنێتە جۆش و خرۆش لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەماندا، کەلەپێش هەموویاندا ئاشتی و بووژاندنەوەیە. هیوادارم ئێوەش پشتیوانی ئەم سیاسەتە بن، هاوکاریی بکەن لەبەدیهێنانی ئەم سیاسەتەدا. دڵنیاتان دەکەمەوە کەئێمە لەگەڵ دروشمەکەی ئێوەین ئاشتی دەپارێزین بەهەموو هێزو

توانامان وەهەموو پلانو نەخشەکانمانو هاوکارییەکانمان لەگەڵ هەموو هێزەکانی کوردستان لەپێناوی پاراستنی ئاشتیدایە، دیارە لەگەڵ پاراستنی ئاشتی، حوکمی قانوونیش پێویستە، چونکە بێ بوونی حوکمی قانوون بێ پاراستنی قانوون لەسەرتاسەری کوردستاندا، ئاشتی بەدی نایەت، پاراستنی ئاشتی لەسەرتاسەری کوردستاندا پێویستیی بەوە هەیە کەقانوون هەبێت، حوکمی قانون هەبێتو لەسەرتاسەری کوردستان بەپێی قانوونەکان کاربکرێت، هەم حکومەت حکومەتی قانوون بێت، هەم دامودەزگاکانی بەپێی قانوون ئیش بکەن، وە هەم هاووڵاتیانیش حورمەتی قانوون بگرنو گوێڕایەڵیی بەدیهێنانی قانوون بن. لەم سەردەمەدا کەسەردەمی ئاشتیو بووژاندنەوەیە پێویستییەکی زۆرمان بەبرایەتیو هەماهەنگیو هاوکاری هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەیە، ئێمە خۆشحاڵین کەهەمیشە دەست پێشخەربووینە لەبەهێزکردنو پتەوکردنی برایەتیی نێوان خۆمانو برایانی پارتیمان، هەروەها لەکۆکردنەوەی هەموو حزبە کوردستانییەکان، کەچەند رۆژێك لەمەوبەر چواردەیان لەقەڵاچوالان لوتفیان کردو هاتنو کۆبوونەوەو هەماهەنگیو هاوکاریی خۆیان دەربڕی بۆ پاراستنی ئەو کوردستانە رزگارو ئاسوودەو دیموکراتەو بۆ نەهێشتنی گێچەڵو فیتنەو کاری خراپ لەسەرتاسەری کوردستاندا.

خوشكوبرایانی خۆشەویست

بێگومان ئێوە دەزانن کەئێمە ئێستا بەقۆناغێکی زۆر گرنگو خەتەرناکدا تێدەپەڕین لەمێژووی جیهاندا، کارەساتی (١١)ی ئەم مانگە کەهەتا بڵێی کارەساتێکی دڕندانەو بێ وێنە بوو لەدڕندایەتی لەدنیاو بەپێچەوانەی هەموو سەرەتاکانی مرۆڤایەتیو ئینسانیو ئیسلامییەوە، لەئەمریکا بووە هۆی ئەوەی کەهەموو گەلی ئەمریکا یەکبخاتو کۆی بکاتەوە لەدەوری دروشمێك کەدروشمی شەڕە لەدژی تیرۆر، شەڕ هەتا سەرکەوتن وەکو ناویان لێناوە، یادی (جەنگ، جەنگ تاکو پیرۆزی) جیرانەکانمان دێنێتەوە یاد. پێویستە ئەم راستییە بزانین کەئەم سەردەمە سەردەمێکی گرنگو خەتەرناکە، ناوچەکەی ئێمە ناوچەیەکە کەئەم دروشمە تێیدا پیادە دەکرێت، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکەم مەیدانی ئەم جەنگەیە کەوا ئەمریکا بەهاوکاریی هەموو ئەوروپا بڕیاری لێداوە، خۆتان دەزانن یەکەمجارە میللەتی ئەمریکا بەو هاودەنگییە بێتە شەڕەوە، تەنانەت لەکاتی شەڕی ڤێتنامیشدا سەدان هەزار بگرە ملیۆنەها ئەمریکایی دژی شەڕبوون، ئەمڕۆ هەموویان یەکدەنگ داوای شەڕدەکەن، هەموو ئەوروپا هاوکاریانە، لەگەڵیانە، وە بۆ یەکەمجارە لەمێژووی ناتۆ، حلفی ناتۆ بڕیاردەدات بڕگەی (٥) بخاتەکار کەبڕگەی (٥) بڕگەی لەسەریەکتر هەڵدانە لەکاتی شەڕدا، بەشداریکردنە لەشەڕدا لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی کەپەلاماری دەدرێت، کەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکایە، بۆ یەکەمجارە روسیا لەگەڵ ئەمریکا، لەگەڵ هیندستان، لەگەڵ ژاپۆنو لەگەڵ هەموو ئەوروپا پێکەوە یەکدەگرن لەسەر سیاسەتێك دژی دوژمنێك کەتیرۆریزمە، ئەمڕۆ لەرۆژنامەکاندا باسی ئەوە هەیە کەڕاوێژکاری ئەمنی روسیا لەوڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست دەگەڕێت بۆ ئەوەی رازییان بکات بۆ ئەوەی هاوکاریی ئەمریکا بکەن لەشەڕیاندا، لەبەرامبەر هێزەکانی تیرۆریزم لەئەفغانستان، کەئەوە شتێکە، روداوێکە بێ وێنەیە، پێویستە هەموومان ئەهمییەتو خطورەتی وەزعی ئێستا بزانین، وە خۆمان ئامادەبکەین بۆ هەموو رووداوەکان، بۆ هەموو ئەو شتانەی بێتە پێشمان. لەکوردستانی خۆماندا ئێمە هەوڵدەدەین کەئاشتیو برایەتی بپارێزینو ماوەی هیچ جۆرە تیرۆریستو فیتنەیەك نەدەین، تاپێمان بکرێت بەخۆشیو بەئامۆژگاری، بەنەسیحەتو بەپشوودرێژییەکی شۆڕشگێڕانەوە هەوڵدەدەین ئەگەر لەملاو لەولا هەندێك شت سەرهەڵبدات چارەی بکەین. بەڵام بێگومان ئەنجامەکەی دەبێت حوکمی قانوون بسەپێنرێت بەسەر هەموو کوردستانداو رێگا بەهیچ کەسێكو هیچ گروپێك نەدرێت کەلاسارانەو بەکەیفی خۆی ئاسایشو ئازادی لەکۆمەڵانی خەڵك زەوت بکات، تەنانەت ئازادیی ئاینیش، ئازادیی بیروباوەڕی ئاینیش لەخەڵك قەدەغە بکات، ئەوە شتێکە بەهیچ شێوەیەك قابیلی قبووڵکردن نییە، وەپێویستە هەوڵبدەین بەهەموو هێزو توانایەکمان بەهەموو لایەکمانو بەهەموو هێزەکان بۆ ئەوەی ئەو لاسارانە بێنەوە سەر هۆشی خۆیانو عاقڵ بنو ناچار نەبین حوکمی قانوونیان بەشێوەیەکی تر بەسەردا بسەپێنین. بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە کە لەسەرتاسەری کوردستاندا ئێمە ماوەی هیچ جۆرە تیرۆریزمێك نادەینو ماوەی هیچ جۆرە فیتنەیەك نادەینو ماوەی هیچ جۆرە پێشێلکردنێکی قانوون نادەین، بەڵام تا پێمان بکرێت بەخۆشی، بەئامۆژگاری، بەسەبری شۆڕشگێڕانە، بەڵام لەئەنجامدا ئەگەر ناچاربووین ئەوەی کەپێویستە دەیکەین بۆ چەسپاندنی حوکمی قانوون لەسەرتاسەری کوردستاندا، ئەوەش رێگایەکە بۆ پاراستنی ئاشتی لەکوردستاندا کەئێوە مەتڵەبتانە. لەپێناوی ئامانجە تایبەتییەکانتاندا وەك هەمیشە بەندەی موخلیستان، وە پێم وایە حکومەتی هەرێمیش کەئێستا وەکو پێم گوتن کۆمەڵێك ئەندازیاری خۆتان لەناویاندانو کاربەدەستن پشتیوانتان دەبنو یارمەتیتان دەدەن. هیوادارم ئێوەش داخوازییەکانتان بەشێوەیەکی ژیرانەو رێكوپێكو گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتیو بابەتی وڵاتەکەمان پێشکەشبکەنو ئینشائەڵڵا هەموو ئاواتەکانتان دێتە دیو دروشمەکەتان هەمیشە بەسەرسەرماندا وەکو ئاڵایەکی شەکاوە دەبێت، دروشمی ئاشتیو بووژاندنەوە.

ئیتر زۆر سوپاستان دەکەمو ئاواتی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، هەرشادو سەربەرزو سەرکەوتووبن.

# دەقی وتاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەکۆنگرەی دووەمی یەکێتی ی ئەندازیارانی کوردستاندا

**گەورەی بەرێزمان جەنابی مام جەلال**

**خوشك‌و برایانی خۆشەویست**

**ئەندازیارانی بەرێز**

زۆر خۆشحاڵم بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و بەناوی خۆشمەوە پیرۆزباییەکی گەرم و گورتان لێبکەم بەبۆنەی بەستنی ئەم کۆنگرەیەوە، هیوادارم کەکۆنگرەکەتان سەرکەوتوو‌بێت لەداڕشتنی بەرنامەیەکی گونجاو بۆ قۆناغی ئایندەی خەباتی پیشەیی‌و دیموکراتیتان. هیواداریشم کەوا بەندەی موخلیستان وەك هاوپیشەتان بۆ ساڵی ئایندە بەشداربم لەکۆنگرەکەتاندا وەکو ئەندامێکی یەکێتی ئەندازیاران‌و هاوکارتان بم بۆ جێبەجێکردنی داخوازی‌و پێشنیازو بۆچوونەکانتان..

**خوشك‌و برایان..**

ناوی کۆنگرەکەتان دوو ئەرکی هەرە گرنگی ئەم قۆناغەی خەباتی میلەتەکەمانی لەخۆگرتووە، کەئەوانیش ئاشتی‌و بوژاندنەوە، بۆیە جێی خۆیەتی لەم هەلەدا دەربارەی هەردوو ئەرکە گرنگەکە بدوێین، وەکو جەنابی مام جەلال-یش ئاماژەی پێکرد پرۆسەی ئاشتی هەنگاوی گرنگی ناوە وێڕای سستی لەهەندێ بواردا بەلاّم پێمانوایە ئەو ئاشتیەی کەئەمڕۆ بەرقەرارە لەکوردستان ئاسۆیەکی روونی لەبەردەمەو هیوادارین بەجێبەجێکردنی سەرتاسەری رێکەوتنامەکانی ئاشتی کۆتایی پێ‌بێت‌و خەڵکی کوردستان بەئاسوودەیی‌و ئاشتی سەرتاسەری یەکجارەکی شادبن.

وەك دەزانن لەبواری هەماهەنگی لەبواری نێودەولەتیداو بەتایبەتی لەبواری جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦و هەنگاوی باش نراوەو دەبێ هەنگاوی باشتریش بنێین.

پێشمان وایە لەم هەلومەرجەی ئێستای دنیادا کەهەلومەرجێکی هەتا بڵێی خەتەرناك‌و گرنگە، پێویستە هەموو ریزەکانی گەلەکەمان یەکگرتووبێ، یەك دەست‌و یەك ئیرادەبین‌و وابکەین ئەم هەلە مێژوویەی بۆ گەلەکەمان رەخساوە شتێکی وابپچڕین جارێکی‌تر گەلەکەمان دووچاری ناڕەحەتی‌و ئەنفال و کیمیابارانێکی‌تر نەبێتەوە.

هیوادارین لەم مینبەرەوە کارێکی وابکەین‌و پەیامێکی وابدەین کەتەکانێکی‌تر بەپرۆسەی ئاشتی بدەین‌و هەوڵ بدەین دەزگاکانی حکومەتی هەریمی کوردستان یەکبخرێنەوە، هەر نەبێ لایەنی وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان یەکبخەین بۆئەوەی بەیەکگرتوویی ئەرکەکانی خۆمان بەرامبەر بەکۆمەلاّنی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکەین‌و هیوادارین ئەو هەنگاوە ببێتە مایەی یەکخستنەوەی سەرتاسەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەك حوکمڕانی کورد رەنگدانەوەی سەرتاسەری ئیرادەی خەڵکی کوردستان بێت.



**خوشك‌و برایان..**

سەبارەت بەئەرکی بوژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەش کەدیوێکی تری هەوڵ‌و کۆششەکانی ئەم قۆناغەیە، لەم ئەرکەدا ئێوەی ئەندازیار بەتواناو لێوەشاوەیی خۆتان بەشدارییەکی راستەوخۆ دەکەن‌و رۆڵ‌و سەنگی گەورەتان هەیە لەسەرخستنی ئەو ئەرکەدا.

خۆتان دەزانن کەکوردستانی دوای راپەڕین وڵاتێکی وێران‌و کاولکاری ئەوتۆ بوو کەزۆر بەزەحمەت پێشبینی ئەوە بکرایە بێتەوە سەرباری ئاسایی خۆی، وڵاتێکی وێرانی دەستی کیمیاباران‌و ئەنفال‌و جینۆساید کە لە٧٠ ساڵەی حوکمڕانیی عیراقدا هەمیشە فەرامۆش‌و پشتگوێ خرابوو، حکومەتی هەرێم بەهیممەتی دڵسۆزانی وەکو ئێوە چاکی مەردایەتی لێکردە لاداو لەو بارودۆخە ناخۆشەدا کەکەرەستەو ئامێرو پێویستیەکانی بواری ئاوەدانکردنەوەمان کەمبوو، هیمەتێکی باشی بۆ بوژانەوەو دابینکردنی ژێرخانی ئابووری کرد، کاتێك حکومەتی هەریم دەستی دایە بەرنامەیەکی چڕوپڕی ئاوەدانکردنەوەو لەگێژەنگی رووداوەکانی سەرەتای ئەزموونی حوکمڕانیدا بوو، رۆژ لەدوای رۆژ هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەو بوژانەوە چووە پێشەوە تالەماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا زۆر پرۆژە جێبەجێکراون بەشێکی زۆری کوردستان ئاوەدانکرایەوە.

هەڵبەتە لەم ئەرکەدا ئەندازیارانی دڵسۆزو رۆڵێکی پێشمەرگانەیان گێڕاوەو خزمەتێکی زۆری گەلەکەیان کردووە

تا بەم رۆژە گەیشتوون، بەڵام خوشكو برایان هیشتا هەنگاوی گەورەمان لەپێشەو هێشتا لەسەرەتای رێگادایین، هێشتا پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی ئاوو ئاوەڕۆو کارەباو رێگاوبانو خانووبەرە، تەلەفۆنات، لەئاستی پێویستیو داخوازیەکانی هاووڵاتیاندا نین، هێشتا ئامێرو کەرەستە، چیمەنتۆ کەرەستەی سەرەتایی بواری ئاوەدانکردنەوەمان کەمەو لەئاستی پێویستدا نیە لەهەمووشی گرنگتر هێشتا ئاستی کاری دامودەزگاکانو توانا مرۆییەکانمان لەزۆربەی بوارەکاندا بەپێی پێویست نیە، هێشتا عەقلیەتی هەڵسوڕانمان لەئاستی خواستو بەرنامەی گەشەپێداندا نیە.

خواستو بەرنامەی حکومەتی هەرێم، رەخساندنی زەمینەی بازاڕی ئازادە، بەڵام دامودەزگاکانمان نەیانتوانیوە لەپێداویستیەکان بازاڕی ئازاد تێبگەن، بڕیاری ٩٨٦و پرۆژە زۆروزەوەندەکانی لەئارادانو خەڵکی کوردستانیش داوای پرۆژەی چاکترو ئاوەدانی زیاترمان لێدەکەن بەڵام جیهازی ئیداریمان بەدەستی رۆتینو گیانی بیرۆکراتییەوە گیری خواردووە، ئەدائی تەکنیکیو ئاستی کارکردنی توانای مرۆییمان پێویستی بەگەشەپێدان هەیەو چەندین کەموکوڕی تریشمان هەیە کە هەڵبەتە ئەمانە گیروگرفتی قۆناغێکی ئینتیقالین کە وڵاتەکەمان پیایدا تێدەپەڕێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کەهەوڵی چارەسەرکردنی نەدەینو رێوشوێنی چالاککردنی هەوڵو کۆششەکانمان لەسەرجەم ئەو بوارانەدا نەدەین.

**خوشكو برایان..**

حکومەتی هەرێم لەلایەن خۆیەوە دەستی داوەتەوە بەرنامەیەکی چاکسازی لەسەرجەم بوارەکاندا، لەبواری رێکخستنەوەی ئیدارەو پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان لەبواری چاکتر خستنەگەڕی وزەی تەکنیککارانو کادیرانی کورد، بەتایبەتی ئەندازیاران لەباری ئاوەدانکردنەوەو بوژانەوەدا، هەوڵیش دەدەین چ لەرێی بڕیاری ٩٨٦و چ لەرێی چاکترکردنی دۆخی دارایی‌و زیاترکردنی داهاتی هەرێمەوە توانای مادیی بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە زیاتر بکەین، بەم زووانەش بەنیازین رێکخستنەوەی سیستمی باج لەکوردستان پەیڕەو بکەین بەو جۆرەی باری باج لەسەر هاووڵاتیانو کۆمپانیاکان کەم بکەینەوەو سیستمێکی عادیلانەترو هەڵسوڕاوتریش بهێنینە کایەوە.

**خوشكو برایان..**

کۆنگرەکەتان جگە لەدانانی بەرنامەی رێکوپێك بۆ ئایندەی تێکۆشانتان لەرێگای داخوازییە پیشەیەکانتاندا، گەلێك ئەرکی نیشتمانی‌و نەتەوەیی لەئەستۆیە کەپەیوەندی بەخزمەتی کۆمەڵانی خەڵكو بەرنامەی بوژانەوەی وڵاتەوە هەیە.

ئەرکی کۆنگرەی ئێوە کەرێوشوێنی چاکتر خستنەگەڕی توانای ئەندازیارانی کورد لەبەرنامەی خزمەتگوزاریی‌و بوژانەوەدا دیاری دەکاتو هاوکاری حکومەتی هەرێم دەکات لەکارنامەی چاکسازی‌و گەشەپێدانیدا.

ئەرکی کۆنگرەکەتان ئەوەیە کە هاوکارمان بن، بەچاکترکردنی ئەدائی تەکنیکی‌و توانای جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە کەسامانێکی زۆری دارایی‌و کەرەستەو ئامێری بۆ تەرخان دەکرێت دەبێ جێبەجێکردنەکەش لەئاستی ئەو خەرجییە زۆرەدا بێت.

ئەرکی ئێوەیە، خوشكو برایان، کە پشتیوانمان بن لەچالاکترکردنی جیهازی سەیتەرەی نەوعی‌و پەیڕەویکردنی پێوانەی ئەندازیاری‌و مواسەفاتی هەندەسی‌و چاودێریکردنی ئاستی کەموکوڕی ئەدائی هونەری ئەندازیارانو تەکنیککارانی بواری ئاوەدانکردنەوە.

چونکە ئێمە هەموومان یەك چینی کارکردنینو دەبێ بەو گیانەوە مامەڵە بکەین، کەبەرپرسیاریەتیمان لەبەرامبەر خەڵکی کوردستان بەرپرسیاریەتیەکی هاوبەشە، سبەی ئەگەر هەر جادەو رێگاوبانێك، هەر بیناسازی‌و پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری کەموکوڕیەکی هونەری تێدابێت، ئێمەو ئێوەش لەبەرامبەر گەلەکەمان بەرپرسیار دەبین، بەرپرسیاردەبین لەبەرامبەر ئەوەی کەکارەکانمان باش رایینەکردووەو سامانو کەرەستەی میلەتەکەمان بەهەردەر داوەو پرۆژەکانمان بەخەسارداوە.

دڵنیام کۆنگرەی ئاشتی‌و بوژاندنەوە، رێوشوێنی دروستو گونجاو بۆ ئەم ئەرکە گرنگەی ئەندازیارانی هۆشیارو کوردپەروەرو پەرۆشی ئایندەی وڵاتەکەیان دادەنێتو لەئاستی ئەو چاوەڕوانییەدا دەبێ کەئێمە لەئێوەمان دەبێ.

جارێکیتر پیرۆزبایی دووهەمین کۆنگرەتان لیدەکەمو هەمیشە هەر لەئاشتی‌و بوژانەوەدابنو زۆر سوپاس.

# وتاری کۆمیتەی باڵا/کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان

**وتاری کۆمیتەی باڵا لەلایەن بەڕێز ئەندازیار سالار جەلال سەعید سەرۆکی کۆمیتەی باڵا خوێندرایەوە**

**بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڤاڵ مام جەلال**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کاک د.بەرهەم صالح**
**بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی حزبە سیاسیەکانی کوردستان**
**بەڕێزان لێپرسراوو نوێنەری ڕێکخراوە دیموکراتیو پیشەییەکانی کوردستان**
**میوانانی ئازیزسڵاوێکی گەرمتان لێبێت**

بەناوی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانو یەکەیەکەی ئەندامانی کۆنگرەوە بەخێرهاتنێکی گەرمتان دەکەینو سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەین.

بەڕێزان..

لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان یەکەم ڕێخکراوی پیشەیی کوردستانی بوو هاتەکایەوە، توانی لەماوەی شەش مانگدا سەرجەم ئەندازیارانی کوردستان لەژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوەو کۆنگرەی یەکەمی خۆی بەسەرکەوتوویی لە١٩٩٢/٤/٢٧ دا ببەستێت، لەماوەی ٩ساڵەی تەمەنیدا داکۆکیەکی زۆری کرد بۆئەوەی خۆی لەحزبایەتی تەسكو ناوچەگەرێتی بەدووربگرێت، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەو باره ئالۆزە سیاسیەی هەرێمی کوردستانەوە لەو ماوەیەدا، بەشێکی زۆری هاوکارانمان لەهەولێرو دهۆك لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٩ خۆیان لەئێمە جیاکردەوەو لەمانگی ٤ی ساڵی ٢٠٠٠ سەندیکای ئەندازیارانیان دامەزراند، بەبێ ئەوەی هیچ ئاگاداریەکی ئێمە بکەنو هیچ ڕاوێژێکمان لەگەڵدا بکەنو تەنانەت بەهیچ شێوەیەکیش نەبەچاك نەبەخراپ ناوی یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستانیان نەهێناوە. هەر ئەو بارە سیاسیە ئالۆزەش بوو کەبووە هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی بەستنی کۆنگرەی دووەممان.

بەڕێزان..

ئێمە لەماوەی ئەو نۆ ساڵدا هەر بەهۆی ئەو بارە سیاسیە عەسکەریە کۆمەڵایەتیە ئابووریەوەو سەقامگیرنەبوونی ئاشتیەکی سەرتاسەری، نەمانتوانی بەئەرکی تەواوی خۆمان هەڵبسینو زۆربەی ئامانجەکانمان بهێنینەدی، بەڵام وەکو ڕێکخراوێکی پتەو توانیمان ئەندازیاران لەپەرەتەوازەیی بپارێزینو لەدەوری خۆمان کۆیان بکەینەوە، بەستنی ئەم کۆنگرەیەش شایەدی پتەوی ڕێکخراوەکەمانە، هەروەها ئێمە لەماوەی ئەو نۆ ساڵەدا زیاد لەتواناو دەرفەتی خۆمان هەوڵماندا کەهەندێك لەداواکاری ئەندازیارانی کوردستان بهێنینەدی لەڕێی دامەزراندنیانەوە لەدەزگاکانی حکومەتی هەرێمداو ڕێنمایی کردنیان بۆ زیاتر خزمەتکردنی وڵاتە وێرانەکەمان، هەروەها بەزیادکردنی دەرماڵەی ئەندازیارانو وەرگرتنی دەرماڵەی تایبەت بۆیانو دابینکردنی زەوی لەزۆربەی شاروشارۆچکەکاندا، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەندازیاری لێهاتوو بۆ پۆستی دەزگاکانی حکومەت، بەدەنگەوەچوونیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کەدەگەیشتنە لای ئێمە.

لێرەدا پێویستە سوپاسێکی بەڕێز سەرۆکی هەرێم هەڤاڵ مام جەلالو بەڕێزان سەرۆکی کابینەی یەکەم کاك د.فوئاد مەعسومو سەرۆکی کابینەی دووەم کاك کۆسرەت ڕەسولو سەرۆکی کابینەی سێیەم کاك د.بەرهەم صالحو سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەکاری ئێمەوە بکەین کەهەمیشە هاوکارو پشتیوانمان بوون چ لەڕووی مادیو چ لەڕووی مەعنەویو چارەسەرکردنی کێشەکانەوە.

بەڕێزان..

جەنابتان چاك دەزانن، ئێمە دوای ڕاپەڕین هاتینە سەر وڵاتێکی وێرانکراو ئابووری ڕوخاو بەهەموو مانایەك، لەساڵی ١٩٩١وە ئەندازیاران پێشمەرگە ئاسا قۆڵیان لێهەڵماڵیو دەستیانکرد بەئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیان، لەساڵی ١٩٩١ تاسەرەتای ساڵی ١٩٩٧ چ ئێمە وەك ئەندازیارو چ دەزگاکانی

حکومەت و رێکخراوە ناحکومیەکانیش لەبەر وێرانکاری گەورە ولاتەکەمان زۆر چاومان پۆشی لەشێوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا، چونکە ئەو پرۆژانە زیاتر پرۆژەی فریاگوزاری و بەدەنگەوەچوونی خەڵکی ئاوارەو دەربەدەرو ماڵوێرانکرابوون، لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧وە کەبڕیاری ٩٨٦ هاتە جێبەجێکردن، پرۆژەکان گۆڕانێکی نەوعیان بەخۆوەبینی، مەرج و مواصەفاتی هەندەسی زیندووبووەوە واخەریکە دەکەوێتە سەرپێی خۆی، هەرچەندە ئێستاش لەئاستی (طموح)ی ئێمەدا نیە چ پەلەپەلی لەجێبەجێکرنداو چ لەئامادەکردنی خەریتەو کشوفات و تەتبیقکردنی مواصەفاتی هەندەسی، هەروەها بیرکردنەوە لەگۆڕینی مواصەفات و جۆری مەوادی بەکارهێنراو شێوەی جێبەجێکردن لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەمو بارو کەشی ناوچە جیاجیاکانی و ولاتەکەماندا بگونجێت، سوودوەرگرتن لەخبرەو ئەزموون و تەکنەلۆجیای ولاتانی‌تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سەرباری ئەو بارە ئالۆزو ناهەموارە ئەندازیارانی کوردستان بەردەوام لەداهێناندا بوون، چەندین پرۆژەی نەوعی چاکیان جێبەجێکرد، وەك: پرۆژەی دەرهێنانی نەوت، پرۆژەی دروستکردنی پالاوگەی نەوت، پرۆژەی گەورەو بچووك لەبواری کارەبادا، چاککردنی کارگەکانی چیمەنتۆ، کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئەسفەلت، جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاودێری، دروستکردنی پردو کردنەوەی رێگاو دروستکردن و چاککردنی چەندین باڵەخانەو کۆشکی جوان لەشارو شارۆچکەکاندا.

لەکۆنگرەی یەکەمی ئاوەدانکردنەوە کەحکومەتی هەرێم لەساڵی ١٩٩٢ لەهەولێر بەستی، ئێمە یەکێك بووین لەو رێکخراوانەی کەداوای دامەزراندنی (ئەنجوومەنی پلاندانان)مان کرد، بۆئەوەی بەپێی پلان و بەرنامەیەك ولاتەکەمان ئاوەدان بکرێتەوە، لەبەر هەر هۆیەك بووبێت ئەو نۆ ساڵە ئەو خەون و داوایەمان نەهاتە دی. ئێستا ئێمەی ئەندازیاران زۆر پێخۆشحاڵین بەدامەزراندنی ئەو ئەنجوومە، بۆیە داواکارین لەحکومەتی هەرێم لەمەودوا بەرنامەرێژی بۆ پرۆژەکان بکات و زیاتر بایەخ بەنەوعیەتی پرۆژەکان و تەتبیقکردنی مەرج و مواصەفاتی هەندەسی و تەصمیمی شارو شارۆچکەکان بدات و کاربکات بۆ گەشەکردنی بواری پیشەسازی لەولاتەکەماندا، ئێمەش وەك ئەندازیاران پەیمان دەدەین کەهاوکارو پشتگیری تەواوبین و پێشمەرگەی دڵسۆزو کۆڵەکەی بەهێزی حکومەتی هەرێم بین.

لەکۆتایدا هیوادارین کۆنگرە سەرکەوتووبێت و کۆمیتەی بالانویی و دەستەی نوێی لقەکان چالاکتربن و کۆمەڵێك ئاوات و ئامانجی تری ئەندازیاران لەدەورەکەی خۆیاندا بهێننەدی.

جارێکی‌تر بەخێرهاتنتان دەکەین و سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەین.



# بروسکەی پیرۆزبایی

**بۆ/ بەڕێزان بەشدارانی دووەمین کۆنگرەی یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان**

سڵاوێکی گەرم..

بەبۆنەی بەستنی دووەمین کۆنگرەی یەکتییە تێکۆشەرەکەتان (یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان) گەرمترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەین و هیواداریـن کەکۆنگرەکەتان لەپێناو هێنانەدی ئەو دروشمەی کەبۆخۆی دیارکردووە (ئاشتی و بوژاندنەوە) سەکەوتووبێت لەکارەکانیدا، ئاشکرایە کەئەندازیارانی کوردستان ئەندازیاری بوژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی کوردستانن و لەدوای راپەڕینیشدا تا ئیمرۆ رۆڵێکی دیارو بەرچاویان لەو بارەوە ئەنجام داوە، بۆیە خۆڕێکخستنەوەی ئەندازیاران لەڕێکخراوێکی تایبەت بەخۆیانداو دانانی نەخشەو پلانی تازەو لەهەموو بوارەکانی پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەو جوانکردنی کوردستان لەکۆنگرەیەکی ئاوادا هەنگاوێکی گرنگ و پیرۆزە لەو بوارەدا.

دووبارە هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازین

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**٢٠٠١/٩/١٩**

**بەڕێزان کۆمیتەی باڵای یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان**

سڵاوێکی گەرم

**ب/پیرۆزبایی**

بەڕێزان: بەبۆنەی گرێدانی دووەمین کۆنگرەی یەکێتیەکەتان، یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی خۆمانتان ئاراستە دەکەین و ئومێددەکەین لەکۆنگرەدا بڕیاری گونجاو سەبارەت بەئەندازەکردن و بەرەو تەکنیەت بردنی هەرێمەکەمان رەچاوبکەن بەتایبەتی کەکۆنگرەکەی ئێوەش لەکات و ساتێکدا دەبەسترێت کەکەشوهەوای ئاشتی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوەو هەنگاوەکان بەرەو ئاشتی چڕبوونەوەی زێتر بەخۆوە دەبینێت..

لەکۆتاییدا دووبارە پیرۆزبایی کۆنگرەکەتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتنیتان بۆ دەخوازین..

لەگەڵ رێزو سڵاوی.

**حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان**

**مەکتەبی سیاسی**

**بەڕێزان/سەرپەرشتیارانی کۆنگرەی ئەندازیاران**

پیرۆزبایی گەرمی کۆنگرەتان لێدەکەین، بەه سەرکەوتنتانین لەکاروباری پیشەیی و نیشـ کۆنگرەکەتاندا.

لەچەرخی پێشکەوتنی زانست و تەکنیکی ئە ئەندازیاران، بەتایبەتی کەسانی داهێنەر لەنێوانیاندا، رۆڵ تایبەتیان هەیە لەهەموو بوارەکانی ئاوەدانکردنـ پێشخستندا، وڵاتی ئێمەش ئەمرۆ لەهەموو کات پێویستی بەهێزو توانای ئەندازیارەکانمان هەیە. لەبەر ئەندازیاران بۆ ئێمە وەکو (عملە نادرە)ن و ئێمە کۆ ئەمانەمان بەرەو هەندەران پێناخۆشەو حەزدەکەین ئەندازیارانەش کەکۆچیان کردووە بگەڕێنەوە بۆ نێو و خۆیان و بەشداری لەئاوەدانکردنەوەدا بکەن.

مافی رەوای خۆشیانە ژیانێکی شایستەیان بۆ دابین ب کە لەگەڵ ئارەزووری شەخسی و بەرژەوەندی گشـ گونجاوبێ.

جارێکی دیکەش بەهیوای سەرکەوتنی کۆنگەکەتان.

**سکرتێری**

**بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان**

**بەهادین نوری**

**بۆ بەڕێز/یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان-کۆمیتەی باڵا**

**بابەت/بروسکەی پیرۆزبایی**

بەسڵاوێکی گەرمەوە جوانترین پیرۆزبایی بەستنی د کۆنگرەتان لێدەکەین بەناوی مەکتەبی سیاسی پـ پارێزگارانەوە، ئاواتمانە لەکات و ساتی بەستنی کۆنگر ئاشتی راستەقینە لەسەرانسەری کوردستان جێبەجێ بکـ تاهزرو تواناو دەستی ئێوەی شارەزای ئاوەدانکردنـ کوردستانەکەمان بەرەو بوژاندنەوە بەرێت، هیوادار بڕگەکانی کۆنگرەتان هەمووی لەخزمەتی پەرەپێ گەشەکردنی بوارەکانی ژیانی گەلانی خەڵکی کوردسـ بێت و سەرکەوتووبن.

پیرۆزبێت..

**مەکتەبی سیاسی**

**پارتی پاریزگارانی کوردستان**

**بەڕێزان: ئەندامانی کۆنگرەی دووەمی ئەندازیارانی کوردستان**

بابەت: بروسکەی پیرۆزبایی

السلام علیکم..

بەبۆنەی گرێدانی دووەم گۆنگرەی یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستانەوە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی سەرجەم ئەندازیارانی کوردستانو ئەندامانو ئامادەکاری کۆنگرە دەکەین، لەخوای گەورە دەخوازین کۆنگرەکەتان بەبڕیارو راسپاردەی دروست بۆ خزمەتی کاری ئەندازیاریو ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو ئەندازیاران کۆتایی بێت.

گومانی تێدا نیە ئەندازیارانی کوردستان لەدوای راپەڕینەوە ئەرکێکی ئایینیو نیشتمانی گەورە کەوتە سەرشانیان؛ ئەویش هەوڵدان بۆ نەهێشتنی سیمای کاولکاریو وێرانکاری کوردستانو، ئاوەدانکردنەوەو هێنانەوەی بەرگری ژیانێکی نوێ بۆ شارو شارۆچکەو سەرجەم گوندەکانی کوردستان، کەتیایدا ئەندازیاران رۆڵی شیاوی خۆیان بینیوە.

دوبارە پیرۆزبایتان لێدەکەین هەرشادو سەربەرزبن.

**نووسینگەی مەکتەبی سیاسی**

**یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**

سلێمانی ٢٠٠١/٩/١٩

**بەڕێزان.. ئەندامانی دووەمین کۆنگرەی یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان**

بەناوی خۆمو یەکەیەکەی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی سلێمانییەوە لەناخی دڵەوە پیرۆزبایی بەستنی دووەمین کۆنگرەی یەکێتییەکەتان لێدەکەمو هیوادارم بەسەرکەوتوویی کۆنگرەکەتان بەئەنجام بگەیەننو دەستەیەکی تەنفیزی نوێ هەڵبژێرن کە لەخزمەت بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەندازیاراندا بێتو دەستەیەکی کارابێت لەخزمەتکردنی کۆمەڵو بۆ بونیادی سیمایەکی هاوچەرخ ئەندازەیی بۆ کوردستان، لەهەمان کاتدا داکۆکی بکات لەمافە پیشەیەکانتانو خەبات بکات بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵێکی شارستانیو مۆدێرنو مەدەنی.

دووبارە هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازینو بەڵێن دووپات دەکەینەوە کەهەمیشە لەجێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانداو بەپێی توانا پشتیوانو پشتگیری ئەندازیاران بین.

هەر بژینو سەرکەوتووبن

بەرەو سیمایەکی هاوچەرخو شارستانی لەکوردستاندا..

**دڵسۆزتان /حاکم قادر**

سەرۆکی شارەوانی سلێمانی

٢٠٠١/٩/١٩

**بەڕێز/دەستەی سەرپەرشتیاری کۆنگرەی دووەمینی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**

سڵاوی خوای گەورەتان لێبێت

لەکانگای دڵمانەوە، بەناوی ستافی کارگێڕیو ئەندازیارانی سەرپەرشتیاری پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی رابیتە، جوانترین چەپکە گوڵی پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەینو دەخوازین لەخوای گەورە کەکۆنگرەکەتان سەرکەوتووبێتو بەبڕیاری دروستو بوێرانەوە کۆتایی پێبێتو ببنە جێی ئومێدی ئەندازیارانی کوردستان، هەتاکو بتوانن هەرچی ئاواتو خواستەکانی ئەندازیارانە لەکوردستاندا بێتەدی، بۆئەوەی ئەندازیارانی کوردستانیش بتوانن، وەکو لەمەوپێش زیاتر هیممەت بکەن، بەهەڵمەتەکانی ئاوەدانکردنەوە بچینەوە بەگژ گشت ئەو سیاسەتە چەوتانەدا کە لەوڵاتی خۆشەویستماندا پیادەکراوە.. دیارە ئەندازیارانیش سوارچاکی ئەو مەیدانەن..

دەست لەدەستو هێزیش لەخوا..

**رابیتەی ئیسلامی کورد**

**سلێمانی ٢٠٠١/٩/١٩**

## ئەم رێکخراوانەش بەبروسکە پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەیان کرد :

١-یەکێتی ئەندازیارانی کشنوکاڵ / لقی سلێمانی

٢-یەکێتیی سەندیکاکانی کرێکارانو پیشەوەران/پارێزگای سلێمانی

٣-یەکێتی فەرمانبەرانی کوردستان .

٤-کۆمەڵەی رووناکبیریو کۆمەڵایەتی-پارێزگای کەرکوك/ئەنجوومەنی باڵا

٥-سەندیکای تەکنیککارانی ئەندازەیی کوردستان-دەستەی باڵا/ راگەیاندن

٦-کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار

٧-یەکێتیی گشتی جووتیارانو هەرەوەزیەکانی کوردستان/مەکتەبی تەنفیزی

٨-سەنتەری راگەیاندنو رووناکبیری ژنان

٩-بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبانی سلێمانی .

## بەیاننامەی کۆتایی

# کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ی ئەندازیارانی کوردستان

لەکەشێکی ئازادانەی پڕجۆش و خرۆشدا، لەپێناوی دارشتنەوەی پرۆگرامێکی نوێی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی باری ئەمرۆی ئەندازیاران و کاری ئەندازەیی دا، لەپێناوی بەرقەراربوونی ئاشتییەکی سەرتاسەری لەکوردستاندا کەمەرجی بنەڕەتی بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری و هەموو بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستانە، لەرۆژانی ١٩-٢٠٠١/٩/٢١ یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان و بەچاودێری و ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مام جەلال و لەژێر دروشمی (ئاشتی و بوژانەوە) دووەمین کۆنگرەی خۆی بەست.

کۆنگرە، کاتژمێر ١٠ی بەیانی رۆژی چوارشەممە ریکەوتی ٢٠٠١/٩/١٩ لەهۆڵی سلێمانی لەشاری سلێمانی بەئامادەبوونی میوانێکی زۆر، بەبەخێرهاتنی میوانەکان و دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەندازیارو سەرجەم شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان دەستپێکرد. دوای ئەوە وتاری کۆمیتەی باڵا خوێندرایەوە، پاشان سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مام جەلال وتارێکی بەنرخی سەبارەت بەئەرکی ئەندازیاران لەم قۆناغەداو پرۆسەی ئاشتی لەکوردستانداو بارودۆخی ئەمرۆی ناوچەکەو جیهان پێشکەش کرد، دواتر سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەڕێز دکتۆر بەرهەم سالح وتاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێشکەشکرد. شایانی باسە هەردوو بەڕێزیان چەندین جار ئامارەیان بەگرنگی دروشمی گۆنگرە کرد. پاشان بروسکەی پیرۆزبایی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و ریکخراوە دیموکراتی و پیشەییەکان خوێندرایەوە، دوابەدوای بەڕێخستنی میوانەکان راپۆرتی گشتی کۆمیتەی باڵا خوێندرایەوەو بڕیاری لەسەر درا، سەرۆکایەتی کۆنگرە هەڵبژێردراو بڕیار لەسەر پێکهێنانی دوو لیژنە درا، یەکێکیان لیژنەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ کەسەرۆکایەتی کۆنگرە خۆی بەڕێوەی دەبرد، دوومیان لیژنەی بڕیارو راسپاردە، بۆ دوانیوەرۆی هەمان روژ دانیشتنی دووەمی کۆنگرە دەستپێکرد، سەرجەم خاڵەکانی پرۆگرام تاووتوێ کرا، گۆرانکاری پێویستی تیاداکرا، بەلابردنی چەند بڕگەیەك و زیادکردنی چەند بڕگەیەکی نوێ، هەردوو دانیشتنەکەی دووەم رۆژی کۆنگرە گفتوگۆی ئازادانە لەسەر هەموو خاڵەکانی پەیڕەوی ناوخۆ کرا، هەندێك خاڵ دەستکاریکراو هەندێکیش وەك خۆی مایەوە، کۆمەڵێك بڕیارو راسپاردەش بڕیاریان لەسەر درا.

دوا دانیشتنی کۆنگرە لەدوارۆژی کۆنگرەدا تەرخانکرابوو بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی باڵای نوێی یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان، بەئامادەبونی دادوەرو نوێنەری پارێزگای سلێمانی دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کرایەوەو ٢٨ ئەندام خۆیان پاڵاوت بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی باڵای نوێ، پاشان پرۆسەی دەنگدان دەستپێکرد بۆ هەڵبژاردنی ١١ ئەندامی سەرەکی و ٤ ئەندامی یەدەك، لەکۆی ١٤٤ ئەندام کۆنگرە تەنها ١٢٧ ئەندام ئامادەبوون و بەنهێنی دەنگیاندا، پاشان بەسەرپەرشتی دادوەرو نوێنەری پارێزگای سلێمانی و لیژنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردن دەست بەجیاکردنەوەی دەنگەکان کرا، ئەنجامەکەش بەم شێوەیە بوو:

| ئەندامە سەرەکیەکان | ژمارەی دەنگ |
|---|---|
| ١-فاتح عەبدوڵڵا عەباس | ٩٥ |
| ٢-طیب جەبار ئەمین | ٨٨ |
| ٣-عالیە تۆفیق طاهر | ٧٩ |
| ٤-رەنج عەبدلحەمید محەمەد | ٧٦ |
| ٥-حامد قادر عەبدوڵڵا | ٧٢ |
| ٦-عوسمان قادر محەمەد | ٦٨ |
| ٧-سامی صابر عەلی | ٦٤ |
| ٨-ئیسماعیل طاهر ظاهر | ٦٠ |
| ٩-سەربەست عەبدولکەریم قادر | ٥٧ |
| ١٠-ئیبراهیم شاه محەمەد شاه حسێن | ٥٦ |
| ١١-پێشرەو کەمال جەلال | ٥٦ |

| ئەندامانی یەدەك (احتیاط) | ژمارەی دەنگەکان |
|---|---|
| ١-گولاڵە عەبدولرەحمان | ٥٠ |
| ٢-عەسکەر ئەحمەد محەمەد | ٥٠ |
| ٣-بەهمەن ئەنوەر عەبدوڵڵا | ٤٧ |
| ٤-ئاراس حوێز صادق | ٤٦ |

دواتر ئەنجامی دەنگدانەکە لەلایەن دادوەرەوە ئاشکراکراو لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە پەسەندکرا بەو جۆرە کۆتایی بەکارەکانی کۆنگرە هێنرا

## کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان سەردانی سەرۆکی حکومەت دەکات



سەرلەبەیانی رۆژی سێشەممە رێکەوتی (٢٠٠٢/١/٨) کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیاران سەردانی بەڕێز د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کرد.

لەو دیدارەدا، بەڕێز سەعدی دزەیی وەزیری ئەشغال و ئاوەدان کردنەوە ئامادەبوو. سەرەتا سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان، ئەندازیار (طیب جبار امین) راپۆرتێکی زارەکی دەربارەی کارو چالاکیەکانی یەکێتی ئەندازیاران پێشکەش کرد.

هەروەها ئامانژەی دا بەو لیژنە جۆراوجۆرانەی کەکۆمیتەی باڵا پێکیهێناوە لەبوارەکانی (کەرەسەی بیناسازی، کێشەی کارەبا، رێگاوبان.. هتد)و سازدانی چەندین سیمینار لەو بارانەوە لەئایندەدا.

سەرۆکی حکومەتیش داوایلێکردن هەوڵ و کۆششی زیاتر بدەن بۆ بنیاتنانەوەو ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و کارکردنی یەکێتیەکەیان لەپێناو هێنانەدی نەخشەی نوێ و کەرەستەی نوێی بیناسازی و جێبەجێکردنی مواصەفاتی ئەندازەیی لەهەرێمی کوردست

---

هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی گشتی راگەیاندن

ژمارە: ٦٦٩
رێکەوت: ٢٠٠١/١٢/٢٥

**مۆڵەت**

**بە پێی بڕگەی ١٦ لە یاسای چاپەمەنی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣/ی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا بەبەخشینی مۆڵەتی یاسایی بە گۆڤاری (ئەندازیاران) کە هەموو مەرجەکانی یاسایی تێدایە**

خاوەنی ئیمتیاز: یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
سەرنووسەر: ئەندازیار طیب جبار امین

فەتاح زاخۆیی
وەزیری رۆشنبیری

# یەکێتی ی ئەندازیارانی کوردستان چۆن دامەزرا؟

ئەندازیار: سالار جەلال سەعید
سەرۆکی پێشووی
یەکێتی ی ئەندازیارانی کوردستان

هەر لەدوای راپەڕینەوە، دروستکردنی رێکخراوێك تایبەت بەئـەندازیارانی کوردسـتان بـوو بەخولیایـەك لـەلام، زۆر بـیرم لێدەکردەوە هـەتا بیرۆکەیەك لەمێشکمدا گەڵاڵـە بـوو کەوتمـە راوێژکردن لەگەڵ چەند ئەندازیارێکی هاوڕێمداو راوبۆچوونی ئەوانیش بیرۆکەکەی زیاتر دەوڵەمەندکرد، ئەوەبوو لەکۆتایی مـانگی (١١) سـاڵی ١٩٩١دا، ٨٦ ئـەندازیارم لـەهۆڵی یانـەی ئەندازیارانی سلێمانی کۆکردەوەو بابەتەکـەم بـۆ باسـکردن‌و داوام لێکـردن کـە بەراشـکاوی رای خۆیـان دەربـبڕن‌و لـەو بارەیەوە بڕیاربدەن، خۆشبەختانە بەتێکڕای دەنگ بڕیاریاندا کە دەستبکرێت بەخۆئامادەکردن بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی تایبـەت بەئـەندازیاران، هـەر لـەو کۆبوونەوەیـەدا بڕیارمـاندا کەلیژنەیـەکی ئامادەکـاری پێکبـهێنرێت لـە(٧) ئـەندامی سەرەکی‌و (٢) ئەندامی یەدەگ بۆ ئەو لیژنەیە (٢٠) ئەندازیار خۆی پاڵاوت‌و هەڵبژاردنی بۆکراو ئەم (٧) کەسە دەرچوون:

(سالار جەلال، دلێر صدیـق، رەشـید خۆشـناو، مـەحمود عـەزیز، سـیروان عـارف ......، ....) هـەر دوابـەدوای هەڵبژاردنەکە لیژنەکە کۆبووەوەو بڕیـاردرا کەلیژنەکـە ببێـت بەدوو بەشەوە، بەشی یەکەم کە پێکهاتبوو لەبەڕیزان (سالار جـەلال، دلـێر صدیـق، رەشـید خۆشـناو، مـەحمود عـەزیز) دەسـتبکەن بەپـەیوەندی بەئـەندازیارانی (کـەرکوك، هـەولێر، دهۆك، خانەقین)ەوە هەروەها بەرەی کوردستانی، بەشی دووەم کەپێکـهاتبوو لەبـەڕێزان (سـیروان عـارف...،...) دەسـتبکەن بـەئامادەکردنی پـرۆژەی پرۆگـرام‌و پـەیڕەوی نـاوخۆی رێکخراوەکە . بەشـی یەکەم بۆ رۆژی دوایـی سـەردانی بـەڕێز کاك (قادری حاجی عەلی) کرد کە ئەوکات لێپرسراوی بەرەی کوردستانی سلێمانی بـوو، بـەڕێزی بابەتەکـەی زۆر بەباشـی نرخـاندو نووسراوی داینێ بۆ بـەڕێزان لێپرسـراوانی بـەرەی کوردستانی لەهەولێرو دهۆك بۆ پشتگیری‌و هاوکاریکردنمان تاکو لەکارەکەماندا سەرکەوتووبین، وابزانم سەرەتای مـانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ بوو بەشـی یەکەمی لیژنەکەمان سەردانی هـەولێری کردو لەگەڵ چەند ئەندازیارێك لەهـەولێر لە(ئوتێل هەورامان) کۆبووینـەوەو بابەتەکەمان بۆ باسکردن‌و دوای گفتوگۆو راگۆڕینەوە بابەتەکەیان پەسـەندکرد، ئێوارەی هـەمان رۆژ سـەردانی بەڕێز کاك (کۆسرەت رەسوڵ)مـان کـرد کەئـەوکات لێپرسـراوی بـەرەی کوردسـتانی هـەولێر بـوو، بابەتەکـەی زۆر پێ‌باشبوو دروستکردنی لیژنـەی ئامادەکـاری هـەولێری گرتـە ئەسـتۆی خـۆی‌و زۆریـش هـانیداین بـۆ دروستکردنی رێکخراوەکە، بۆ رۆژی دوایی بەرێکەوتین بـەرەو دهۆك لەبەرئەوەی رێگاکە زۆر خراپ بوو، بەئەزیەتێکی زۆر بۆ رۆژی دوایی گەیشتینە دهۆك‌و پـەیوەندیمان بەئەندازیار کاك (ئەحمەد بامەڕنی)یەوە کردو بابەتەکەمان بۆ باسکرد، بـەڕێزی زۆر باش بەدەنگمانەوە هات‌و چەند ئەندازیارێکی کۆکردەوەو پـاش گفتوگـۆ، بیرۆکـەی دامـەزراندنی رێکخراوەکـەیان پەسـەندکرد، بـۆ ئێـوارەش سـەردانی بـەڕێز کـاك (فـازڵ میرانی)مان کرد کە ئەوکات لێپرسراوی بەرەی کوردسـتانی دهۆك بوو، بەڕێزیشی زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکردین‌و دوای گفتوگۆکـردن بیرۆکەکـەی زۆر پەسـەندکردو گفتـی هـەموو هاوکـاریکردنێکی پێدایـن‌و بڕیـاردرا پـاش چـەند رۆژێـك ئـەندازیاران کۆبکەنـەوەو لیژنەیـەکی ئامادەکـاری لـەدهۆك پێکبهێنن.

دوای گەڕانەوەمان پەیوەندیمان کرد بەئەندازیار کاك (طیب جبار)ەوە بۆ کۆکردنـەوەی ئـەندازیارانی کەرکوك‌و خانـەقین‌و هەڵبژاردنی لیژنەی ئامادەکاری کەرکوك‌و خانەقین، هەروەها سـەردانی بـەڕێز (کـاك جەوهـەر نـامق) بکـات کـە ئـەوکات لێپرسراوی بەرەی کوردستانی بوو کەرکوك بوو، کاك (طیـب جبار) ئەو ئەرکەی کەپێمان سپارد زۆر بەزوویی جێبـەجێی کـرد، چ سـەردانی بـەرەی کوردسـتانی کـەرکوك‌و وەرگرتنـی رەزامـەندیان‌و چ کۆکردنـەوەی ئـەندازیارانی کـەرکوك‌و خانـەقین‌و هـەڵبژاردنی لیژنـەی ئامادەکاری (بـۆ خـەرجی ئـەم ئیشـوکارانە رێکخـراوی کـوردس (٤٠٠٠) هـەزار دیناریـان بەقەرز داینێ، پاشان دامانەوە، سوپاسیان دەکەین).

لەمانگی (١٩٩١/١٢)دا هەر چوار لیژنەی ئامادەکاری هەر چـوار پارێزگاکـە دامـەزراو کۆتـایی مـانگی (١٢) لەهـەولێر کۆبووینەوە، کە (٢٨) ئەندازیار بووین:

لەسلێمانی: (سالار جەلال، دلێر صدیق، رەشید خۆشناو، مەحمود عەزیز، سیروان عارف،...، ...).

لەکەرکوكو خانەقین: (طیب جبار، جەمال زەنگەنە جەلال موسی...، ...، ....،... )

لەهەولێر: (جەلال سەلیم خۆشناو، نیازی حامد...، ....، ...، .......)

لەدهۆك: (ئەحمەد بامەڕنی، ئیبراهیم سەعید، اسماعیل تاهر...، ...، ...، ...،...)

(داوای لێبوردن ئەکەم کە هەموو ناوەکانم لەبیرنەماوەو ئەرشیفەکەشم لانیە).

لەکۆبوونەوەکەدا ئەم بڕیارانەی خوارەوەماندا:

١-پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای ئامادەکاری، هەر پارێزگایەك بەدوو نوێنەر بەشداربێت، لیژنەی هەر پارێزگایەك لەناو هۆڵەکە سەرپشك کرا کەبەهەڵبژاردن یان دەستنیشانکردن لەنێوان خۆیاندا نوێنەرەکانیان دەستنیشان بکەن، ئەوەبوو هەر چوار لیژنەکە بەدەستنیشکانکردن بڕیاریان لەسەر نوێنەرەکانی خۆیاندا، ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بوون:

١-لەسلێمانی: ا-ئەندازیار (سالار جەلال سەعید)

ب-ئەندازیار (دلێر صدیق عەبدوڵڵا)

٢-لەکەرکوكو خانەقین: ا-ئەندازیار (طیب جبار امین)

ب-ئەندازیار (جەمال زەنگەنە)

٣-لەهەولێر: ا-ئەندازیار (جەلال سەلیم خۆشناو)

ب-ئەندازیار (نیازی حامد)

٤-لەدهۆك: ا-ئەندازیار (ئیبراهیم سەعید)

ب-ئەندازیار (اسماعیل طاهر ظاهر)

(تێبینی/ لەکۆبوونەوەکە بڕیاردرا کاك (سالار جەلال) ببێتە سەرۆكو کاك (طیب جبار) ببێتە رازگری لیژنەی باڵای ئامادەکاری)

٢-ئامادەکردنی فۆرمێك بۆ ناونووسینی ئەو ئەندازیارانەی دەیانەوێت ببنە ئەندامی رێکخراوەکەو بەشداری کۆنفرانسی شارەکانو کۆنگرە دەکەن.

٣-گەڵاڵەکردنی پرۆژەی پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی رێکخراوەکە لەلایەن ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری شارەکانو دوایی یەکخستنی پرۆژەکە لەلایەن لیژنەی باڵای ئامادەکاریەوە.

٤-رۆژانە دووان لەئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری شارەکان لەبارەگای (نقابە المهندسین) ئامادەبن بۆ پێشوازی لەئەندازیارانو پڕکردنەوەی فۆرمی ناوونوسین بەدوو نوسخە (نوسخەیەك لای ئەندازیارەکە دەمایەوە بۆ رۆژی کۆنفرانسو نوسخەیەك لای لیژنەی ئامادەکاری) هەروەها گرتنی سجلێك بەناوی ئەندازیارە ناونووسکراوەکانەوە.

٥-بڵاوکردنەوەی ئاگاداری لەهەموو دەزگاکانی راگەیاندن



ئەندامانی کۆمیتەی باڵای پێشوو :لە راستەوە :( سامی صابر ،دلیر صدیق ، طیب جبار ، زیرك اسماعیل ، سالار جلال ، رنج عبد الحمید ) .

بۆئەوەی ئەندازیاران پەیوەندی بەلیژنەی ئامادەکاری شارەکانەوە بکەن .

بۆ هەڵسووڕاندنی ئیشوکارەکانمان ئەو پارەیەی لەرێکخراوی (کوردس)مان قەرزکردبوو بەشی نەکردین سەردانی بەڕێز لێپرسراوی بەرەی کوردستانی سلێمانیمان کردو بەڕێزی (١٠,٠٠٠) دە هەزار دیناری پێشکەشکردین، زۆر سوپاسی دەکەین.

دوای چەند کۆبوونەوەیەکی لیژنەی باڵای ئامادەکاری لەهەولێرو دەرکردنی چەند رێنمایەکی‌ترو بەدەنگەوەهاتنی زۆربەی ئەندازیاران، بڕیاردرا کۆنفرانسی شارەکان ببەسترێت، وەك لەبیرم مابێت لەمانگی (شوباتی/١٩٩١)دا کۆنفرانسی هەموو شارەکان بەستراو ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١-سلێمانی: (٣٩) ئەندام

٢-هەولێر: (٣٢) ئەندام

٣-کەرکوكو خانەقین: (٢٢) ئەندام

٤-دهۆك: (١٥) ئەندام

٥-مەسیحیەکان: (٣) ئەندام (بەتەزکیە) ( دوو لەدهۆكو یەك لەهەولێر)

دوای تەواوبوونی کۆنفرانسەکانو گەڵاڵەکردنی پرۆژەی پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆ، سەردانی بەرەی کوردستانی باڵامانکرد لەشارۆچکەی (خەلیفان) لەلایەن بەڕێز کارگێڕی بەرە کاك (قادر جەباری ) ەوە بەگەرمی پێشوازیمان لێکراو هەنگاوەکانمانی زۆر بەچاکی نرخاندو بەیەکەم ڕێکخراوی دانا کە تا ئەوکاتە ئیشەکانیان بەبەرنامەو پلانێکی تۆکمەو ڕێکوپێك جێبەجێکردووە، بڕیاریاندا بەهەموو جۆرێك یارمەتیمان بدەنو تەنها داواکاری ئێمەش دابینکردنی خەرجی کۆنگرەو هاتووچۆی ئەندامانی بوو، ئەوانیش بڕیاریاندا کە لەماوەیەکی کەمدا جێبەجێی بکەن، بەڵام ماوەکە زۆری خایاند (زیاتر لەمانگو نیوێك، بێئاکام بوو) چونکە بەرەی باڵا بەرەورووی لێپرسراوی ڕێکخراوەکانیان کردینەوە لەبەرەی باڵا کە بەڕێز کاك (سامی عەبدولرەحمان) بوو . پاشان لەدانیشتنێکدا سەرۆکی لیژنەی باڵای ئامادەکاری (سالار جەلال) لەبەرەی کوردستانی هەولێر بابەتەکەی بۆ بەڕێز کاك (کۆسرەت رەسوڵ) لێپرسراوی بەرەی هەولێر باسکرد، بەڕێزیشی هەر لەویدا بڕیاریدا کە بڕی (٤٠,٠٠٠) هەزر دینارمان بۆ تەرخانبکات بۆ خەرجی کۆنگرەو دەستبەجێ بڕە پارەکەی پێبەخشین، ئەگەر بەڕێزی ئەو بەخشندەیەی نەکردایە لەوانە بوو کۆنگرە هەر نەبەسترایەو هەموو ڕەنجەکانمان بەبا بڕۆیشتایە . ماڵی ئاوابێت.

دوای وەرگرتنی خەرجی کۆنگرە لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆبووەوەو بڕیاردرا کۆنگرەی دامەزراندن لە(٤/٢٧ تا ١٩٩٢/٥/١) لەهۆڵی (المجلس التشريعي) لەهەولێر ببەستێن، کۆنگرە لەڕۆژی خۆیدا دەستپێکراو بەئامادەبوونی (١٠٩) ئەندامو و ئامادەنەبوونی (٢) ئەندامو دوو ئەندازیاریش وەك چاودێر بەشداریانکرد، بۆ دانیشتنی یەکەم، نوێنەری بەرەی باڵاو حزبە سیاسیەکان کوردستانو ڕێکخراوەکان ئامادەبوونو وتاریان خوێندەوەو بروسکەیان نارد، دانیشتنەکانیتر تەرخانکرا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکەو هەروەها بڕیاردان لەسەر بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرە، هەروەها لیژنەیەك پێکهێنرا بۆ بڕیاردان لەسەر ئارمی ڕێکخراوەکە کەپێشانگایەکی بۆ ڕێکخرابوو لەڕۆژانی کۆنگرەداو ئەو ئارمانەی کە بۆمانهاتبوو وابزانم (٤١) دانە بوو کە لەلایەن هونەرمەندانو ئەندازیارانی تەلارسازیەوە کرابوون. دوارۆژی کۆنگرەکە (١٩٩٢/٥/١) بوو تەرخانکرا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانو پاش هەڵبژاردنەکە کۆنگرە کۆتایی هات بەبێ هیچ گیروگرفتێكو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان بۆ یەکەم جار لەمێژووی خۆماندا دروستبوو، پاش کۆنگرە بەهەفتەیەك ئەندامانی کۆمیتەی باڵا یەکەم کۆبوونەوەی خۆیان لەشاری هەولێر بەستو ئیشوکارەکانیان لەنێوان خۆیاندا بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکرد:

١-ئەندازیار/سالار جەلال سەعید/سەرۆك

٢-ئەندازیار/طیب جبار امین/جێگری سەرۆك

٣-ئەندازیار/محەمەد ئەحمەد شەریف/سکرتێر

٤-ئەندازیار/سامی صابر عەلی/لێپرسراوی دارایی

٥-ئەندازیار/زیرەك اسماعیل سەرهەنگ/لێپرسراوی کارگێڕی

٦-ئەندازیار/عەبدولقهار عەزیز عەلی/لێپرسراوی ئاوەدانکردنەوە

٧-ئەندازیار/دلێر صِدیق عەبدوڵلا/لێپرسراوی زانستی

٨-ئەندازیار/مەحمود عەزیز فەقێ/لێپرسراوی کۆمەڵایەتی

٩-ئەندازیار/عەبدولمەجید عەبدولحەمید محەمەد (ڕەنج)/لێپرسراوی ڕاگەیاندنو پەیوەندی

لەکۆتاییدا زۆر سوپاسی هەموو ئەو ئەندازیارانەو لیژنەی ئامادەکاری شارەکان و ئەندامانی لیژنەی باڵای ئامادەکاری دەکەم کە دەوریان هەبوو لەدامەزراندنی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستاندا بەتایبەتی ئەندازیار (طیب جبار) کە دەورێکی زۆر چالاکانەی هەبوو لەهەموو کۆبوونەوەکانداو لەخۆئامادەکردن بۆ کۆنفرانسی شارەکانو کۆنگرەو نووسینو خوێندنەوەی هەموو وتاری کۆنفرانسەکانو کۆنگرەو ڕاپەڕاندنی هەموو کارێکی ڕاگەیاندنو کۆکردنەوەی ژیاننامەو وێنەی ئەندازیارە شەهیدەکان کەلە کۆنگرەدا پیشانگایەکیان بۆ کرایەوەو تابلۆکانی ئارمی ڕێکخراوەکەو هەروەها سەیارەکەشی لەو ماوەیەدا تەرخانکردبوو بۆ ئیشوکاری لیژنەی باڵای ئامادەکاری لەنێوان هەموو شارەکاندا.

ئەو دێڕانەی سەرەوە کورتە باسێکی چۆنیەتی دامەزراندنی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان بوو، ئەگەر دەرفەت ڕەخسا لەئایندەداو هەموو ئەرشیفەکەم کەوتە ژێردەست، ئەوکاتە بەدرێژی هەموو کارەکانو وردەکاریەکانی لیژنەی باڵای ئامادەکاریو لیژنەی ئامادەکاری شارەکانو گفتوگۆکانی ناو کۆنگرەتان بۆ دەنووسمەوە، هەروەها ئەو کۆسپو تەگەرانەی کەدەهاتنە ڕێگامان.

هیوای سەرکەوتنو بەرەوپێشەوەچوون بۆ یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان دەخوازم لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیداو بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا.

# ڕۆڵ و کاریگەری نەوت

# لە پێشخستنی کۆمەڵگای کوردەواری و بوژاندنەوەی ئابووری کوردستاندا!

ئەندازیاری کیمیاوی
نەوزاد عوسمان عەبدولرەحمان *

## پێشەکیەکی مێژوویی

نـەوت لــەمێژە لەلایــەن مرۆڤــەوە ناســراوەو هەســت بەگرنگیەکەی کراوەو بۆ زۆر مەبەستو پێداویستی کەڵکیان لێوەرگرتووە، نەوت لەگەڵێك سەرچاوەی مێژوویـیو ئاینیدا لەکۆنەوە باسی لێوەکراوە، لەناوچەی (باکۆ)دا لەسـەدەکانی ناوەراستەوە مرۆڤ ناسیویەتیو لەسەدەی چواردەهەمدا بۆ رووناکی بەکاریان هێناوەو هندیە سوورەکانیش لەئەمریکادا یەکەمین کەس بوون کەنەوتیان بەکارهێناوە.

بەکارهێنانی نەوت بەشێوەیەکی کەمو لەبوارێکی تەسکدا مایــەوە تاناوەراسـتی سـەدەی نۆزدەیــەم، کـاتێك لەسـاڵی ١٨٥٣دا کۆلۆنێل (ئێدوارد دراك) خەریکی بیرهەڵکـەندن بـوو لەشـــارۆچکەی (تیستســـڤێل) لەویلایـــەتی پەنسـلڤانیای ئەمریکادا بەمەبەستی خوێ کۆکردنەوە دوای ئەوەی ئاوەکەی دەبووە هـەڵم، ئـا لەوکاتانـەدا (شـلیەکی چـەور) دەتـەقێتو بەهێزێکی گەورەوە بەرەو ئاسمان بەرزدەبێتـەوە، بەم شێوەیە یەکـەم بیری نـەوت لـەمێژوودا لـەدنیادا دۆزرایــەوە، ئیـدی لـەدوای ئـەو مێژووەوە بـەکارهێنانی نـەوت پـەرەی سـەندو لەسـاڵی ١٨٥٩دا لەشـاری پەنسـلڤانیادا بـەکارهێنراوە بـۆ روناکردنەوەی شار.

وشـەی نـەوت لەوشـەی (نـەفتا)ی گریکیــەوە هــاتووە، هـەروەها وشـەی (پیـترۆلیۆم) واتـا نـەوتی سروشـتی ئـەویش وشەیەکی گریکیەو لەدوو برگە پێکهاتووە، یەکەمیان (پێترۆ) واتـا (بـەرد)و دووەمیان (ئۆلیۆم) واتـا (رۆن) هـەردوو برگەکـە بەیەکـەوە واتـای (رۆنـی بـەرد) دەگەیـەنێت، چونکـە نـەوتی سروشـتی لەبـەردی تایبـەتیدا هەیـەو بـەم شـێوەیە وشـەی (پیـترۆڵ یـان پیـترۆلیۆم) لـەدنیادا ناسـراوەو بڵاوبـۆوەو ئـەم وشەیە گرنگیو مەغزای خۆی پەیداکرد.

*لەسەدەی نۆزدەهەمەوە کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەڵمانیاو بەریتانیاو ئەمریکیاو فەرەنساو هۆڵەنداو دانیمارك، کەوتنە هەڵپـەی گـەرانو دۆزینـەوەی نـەوت لەقەڵـەم رەوی دەوڵــەتی عوسمانیدا.

ئەڵمانـەکان لـەپێش هـەمووانداو لەساڵی ١٨٧١وە بۆیـان دەرکەوتبوو کەناوچەکانی ولایـەتی موصلو بەغداد خاکێکی دەوڵـەمـەدی نـەوتین، هەربۆیـەش دوای هـەوڵێکی زۆر توانـی لەساڵی ١٩٠٤دا لەرێگەی کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵی عوسمانیـەوە ئیمتیـازی وەزارەتـی موڵکـی تایبـەتی دەوڵـەتی عوسمانی وەربگرێت بۆ گەرانو پشکنین بەدوای نەوتدا.

بـەریتانیاش لەساڵی ١٩٠٧وە لـەرێگای کۆمپانیـای (رۆل دەچ شـل)وە کەوتـە ململانـێ لەگـەڵ ئەڵمانـەکاندا (ئـەمریکاو



فەرەنساو روسـیاش هەریەکـە هـەوڵی خـۆی دەدا کەپشـکیان هەبێت لەدەستکەوتو دەستبەسەراگرتنی نەوتی ناوچەکە).

کۆمپانیــای نــەوتی تورکــی توانــی بــەڵێن لەدەوڵـــەتی عوسمانی وەربگرێت بۆ بەکارهێنانی نەوتی هـەردوو ولایـەتی موصــلو بــەغداد، دوای دامــەزرانی حکومــەتی عــیراقیش لـەمانگی ئـابی سـاڵی ١٩٢١دا هـەمان کۆمپانیـا داوایـەکی پێشکەش بەحکومەتی عیراقی کرد بۆئەوەی ئیمتیازی نەوتی هــەردوو ولایـەتی موصــلو بـەغدادی بداتـێ، ئەنجوومـەنی وەزیرانی عیراقیش لـە٥ی ئـازاری سـاڵی ١٩٢٥دا رەزامـەندی دەربری لەسەر داواکاری کۆمپانیای نەوتی تورکی لەئەنجامی ناوبژیوانی نوێنــەری سـامی بـەریتانیا لـەعیراقدا کەنوێنـەری بەرژەوەندی بەریتانیی بوو لەو کۆمپانیایەدا، لەبەرواری ١٤ی

ئازاری ساڵی ١٩٢٥ دا ئیمزا لەسەر ئەو ئیمتیازە کرا بۆ ماوەی ٧٥ ساڵ و عیراقیش ملکەچی ئەو ئیمتیازە تازەیە بوو، بێجگە لەناوچەی (المحولە) و ولایەتی بەسرا.

دوای ململانێکانی نێوان کۆمپانیای نەوتی تورکی و کۆمپانیای نەوتی بەریتانیدا، لەئەنجامدا کۆمپانیای نەوتی بەریتانی توانی ئەو رێکەوتنامەیەی کە لەساڵی ١٩٢٥دا لەنێوان حکومەتی عیراقی و کۆمپانیای نەوتی تورکیدا مۆرکرابوو هەڵبوەشێنێتەوەو دوای گۆرانکاری لەرێکەوتنامەکەی ساڵی ١٩٢٥دا کە لەساڵی ١٩٣١ کردی کۆمپانیای نەوتی بەریتانی توانی رێکەوتنامەیەك لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی عیراقیدا لەساڵی ١٩٣٢دا مۆربکات و ئیمتیازی نەوتی هەردوو ویلایەتی موصل و بەغداد بۆ ماوەی ٧٥ ساڵ بۆخۆی مسۆگەر بکات .

لەساڵی ١٩٣٨یشدا توانی ئیمتیازی نەوتی ولایەتی بەسراش بۆ ماوەی ٧٥ ساڵ مسۆگەر بکات، بەم شێوەیە کۆمپانیای نەوتی بەریتانی بەتەواوەتی ئیمتیازی نەوتی عیراقی بۆخۆی وەرگرت.

یەکەم پاڵاوگەی نەوتی عیراق لەکوردستان دامەزرا لەخانەقین بەناوی پاڵاوگەی ئەلوەندو دووەم پاڵاوگەش هەر لەکوردستاندا دامەزرا لەشاری کەرکوك بەناوی پاڵاوگەی کەرکوکەوە، کەهەردووکیان لەساڵی ١٩٢٧دا کەوتنە کار.

بەم شێوەیە دۆزینەوەو پاڵاوتنی نەوتی عیراق لەکوردستاندا بووەو لەو رۆژەوە کوردستان گرنگیەکی گەورەی پەیداکردو بووە جێگەی چاوتێبڕینی داگیرکەرانی بەریتانی و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق و هەمیشە لەهەوڵدا بوون کەزۆرترین نەوتی کوردستان بەساناترین شێوە بەتاڵان بەرن..

### *گرنگی نەوت لەکاتی شەڕو ئاشتیدا

نەوت لەو کاتەی دۆزراوەتەوەو بەکارهێنانی رۆژبەرۆژ لەزیادبووندایە لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، گرنگی و کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی پەیداکردووە لەسەر ژیانی کۆمەڵگەو وڵاتانی دنیا بەهەژارو دەوڵەمەندەکانیانەوە بۆتە جەوهەرو خاڵی بنەڕەتی لەبەرژەوەندیەکانی وڵاتاندا.

نەوت لەم رۆژگارەدا یەکەم ئامانجە کە هەموو وڵاتێك هەوڵی بەدەست هێنانی دەدات بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستیەکانیان چونکە هیچ ئامێرو ئوتومبێل و فرۆکەو کەشتی و رۆکێت و.. هتد بەبێ نەوت ناتوانێت جوڵە بکات، جادەبێ بزانین پاشەرۆژی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی وەك ئەمریکاو یابان و ئەوروپاو روسیا.. هتد چ دەبێ کە ئەگەر بێبەش بکرێن لەو بەرهەمە کاریگەرو زیندووە؟

وەك ئاشکرایە نەوت گرنگی و کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەکاتی شەڕو ئاشتیدا لەم بارەیەوە نائیبێکی فەرەنسی بەناوی (سبیانس)وە دەڵێت (نەوت چۆن لەپێشدا کاریگەری هەبووە، لەئێستاو لەداهاتووشدا هەمان کاریگەری دەبێت لەسەر ژیانی گەلان لەکاتی شەڕدا بێت یان لەئاشتیدا بێت).

هەر لەسەر گرنگی نەوت، وەزیری فەرەنسی (بیار فۆرجۆزاد) دەڵێت (ئێمە بۆچی سوپا دروست بکەین و ملیۆنەها پارەی تیادا خەرج بکەین؟ هەروەها بۆچی چەندەها نەفەق لەژێر زەوی‌دا دروست بکەین بۆ پاراستنی سنووری باکوورو رۆژهەڵاتمان؟ هەروا بۆچی سیاسەتە ئیمپراتۆریەتەکانمان لەئەورووپاو دوای دەریاکان درێژەپێبدەین، ئەگەر ئێمە نەوتمان نەبێت).

بەهەمان شێوە سەرکردەیەکی ئەڵمانی بەناوی (ئەیخ لۆندرۆف)وە لەبارەی گرنگی رۆڵی نەوت لەشەردا دەڵێت (ئەگەر دەوڵەتانی هاوپەیمان نەوتیان لەبەردەستدا نەبووایە هەرگیز بەسەرماندا سەرنەدەکەوتن).

بەم شێوەیە نەوت رۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە لەکاتی شەڕو لەئێستاشدا زۆر بەئاشکراتر ئەو رۆڵە دەگێڕێت لەململانێ و کێشە ناوچەیی و دنیایەکان لەنێوان زلهێزەکاندا.

بەهەمان شێوە نەوت رۆل و کاریگەری خۆی دەگێڕێ لەکاتی ئاشتیدا وەك ئاشکرایە دوای بەرپاکردنی شۆڕشی پیشەسازی نەوت ئەوەندەی‌تر گرنگی پەیداکرد، یاساکانی کاری گۆڕی، ژیانی کۆمەڵگاکانی سەرتاپا ئاوەژووکردو دەوڵەتە زلهێزەکان و بەتایبەتیش داگیرکەرەکانی هاندا بۆ دەست بەسەراگرتنی سەرچاوەکانی نەوت و دابینکردنی پێداویستیەکانیان لەسەرجەم بوارەکانی ئابووری و پاراستنی دەوڵەتان و پەل هاویشتن بۆ داگیرکردن و دەست بەسەراگرتنی دەریاکانیش.

لەئێستادا نەوت بەشادەماری وڵاتە پیشکەوتووەکان دەژمێردرێت، چونکە نەوت سەرچاوەی یەکەمی وزەیەو لەساڵی ١٩٧٠دا رێژەی ٤٤,٥٪دای لەبەکارهێنانی وزەی دنیادا داگیرکردووە. بەدڵنیایی لەئێستادا ئەو ریژەیە زۆر زیادی کردووە، هەروا نەوت لەبوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ژیانی کۆمەلایەتیشدا رۆڵ و کاریگەریەکی گەورەی هەیە، نەوت بۆتە سەرچاوەیەکی گەورەو سەرەکی بۆ زۆرینەی پیشەسازیەکان و بەتایبەتیش (پەینەکان) بەهەموو جۆرەکانیەوە، نەوت بەخاوی و بەپێکهاتووەکانی و لق و جۆرەکانیەوە لەئێستادا دەچێتە دروستکردنی ٣٠٠ هەزار کەلوپەلەوە.

بەم شێوەیە نەوت گرنگی و کاریگەری گەورەی هەیە لەکاتی شەڕو ئاشتیداو دەتوانێت ببێتەی مایەی بەئاشتی و

بەئارامی ژیان لەدنیاداو دوورخستنەوەی شەڕو ئاشوب لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ئەگەر بەشێوەیەکی ئاقڵانە بەکارهێنراو کۆنترۆڵ کرا، بەپێچەوانەشەوە دەتوانێت ببێتە هۆکاری سەرەکی بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکی نوێی جیهانیو کاولو خاپوورکردنی دنیاو لەناوبردنو قڕکردنی سەراپای شارستانێتیو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەگەر بەشێوەیەکی خراپ بەکارهێنرا..

***جوگرافیای نەوتی کوردستان**

نەوت لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا هەیەو بەتایبەتیش لەکوردستانی باشوور بەرێژەیەکی ئەوەندە زۆر هەیە کەکوردستان وەك دەریاچەیەك نەوت وایە، کوردستانی باشوور یەکێکە لەو ناوچە هەرە گرنگانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەخاوەن نەوتێکی ئێجگار زۆرە، هەر بۆیە لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە بووە جێگەی چاوتێبڕینی وڵاتە ئیمپریالیستەکانو بەتایبەتیش بەریتانیا.

ئیحتیاتی نەوتی عیراق دەگاتە ٦٤ ملیار تەنو بەسێیەمین وڵاتی دنیا دادەنرێت لەدوای روسیاو سعودیەوە لەڕووی ئیحتیاتی نەوتەوە، رێژەی لە٦٤٪ی ئەو نەوتە لەکوردستاندایە لەکاتێکدا ناوەڕاستی عیراق ١٠٪و باشووری عیراقیش ٢٦٪ی ئیحتیاتی نەوتی عیراق پێك دەهێنن، بەلام رێژەی دەرهێنانی نەوتی کوردستان ١٠٠٪ە ئەویش بەمەبەستی چۆڕبڕکردنی نەوتی کوردستانە.

دەتوانرێت ئەو ناوچانەی نەوتیان تێدایە بەم شێوەیە دابەش بکرێت:

**یەکەم/ ئەو چاڵگانەی کەدۆزراونەتەوەو نەوتیان لێدەردەهێنرێ.**

١-چاڵگەی کەرکوك: ئەم چاڵگەیە درێژترینو گەورەترین چاڵگەی نەوتی جیهانە، لەناوچەی جەبەل بۆرەوە تاناوچەی دیبەگە درێژدەبێتەوە، لەدوای نەوتی باکۆو تەکساس سێیەمین جۆری نەوتی جیهانە، ئەم چاڵگەیە لە٢٢٢ بیرە نەوت پێك هاتووەو لەتوانایدایە رۆژانە ٢ملیۆنو ١٠٠ بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێت، چاڵگەی نەوتی کەرکوك یەکێك لەچاڵگە نەوتیە زۆر گەورەکان (العملاق) کە بەو چاڵگانە دەوترێت کەبڕی نەوتی ئیحتیاتی تیایدا دەگاتە ١٠٠ ملیۆن بەرمیل نەوت کەدەگاتە نزیکەی ١٣ ملیۆنو ٣٠٠ هەزار تەن، بەلام چاڵگەی نەوتی کەرکوك بڕی نەوتی ئیحتیاتی تیایدا لەهەندێ چینەکانیدا دەگاتە ١٥ هەزار ملیۆن بەرمیل نەوت، ئەم چاڵگەیە لەساڵی ١٩٢٧ بەبەردەوامی تاکو ئێستا بەرهەمی هەیە بەبێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی کەمبوونەوە یان لاواز



بوونی توانای بەرهەمی دەرکەوتبێت.

نەوتی کوردستان بەگشتیو نەوتی کەرکوك بەتایبەتی خۆبەخۆیی (زاتی) دێتە دەرەوە بەبێ ئامێری زیادکردنی بڕی پاڵەپەستۆ، ئەویش بەهۆی کەمی قوڵیو فراوانی چاڵگەکانو زۆری ئیحتیاتی نەوتو بەرزی فشاری غازەوەیەن نەوتی کوردستان بەباشترین جۆری نەوت دەژمێردرێت، چونکە جۆرێکی زۆر باشەو پلەی چڕیەکەی بەرزەو رێژەی کبریتی کەمی تیادایە یان هەر تیایدا نیە، هەروەها نەوتی کوردستان چەند جۆرە چڕیەکی هەیە کەئەمەش سوودبەخشەو دەتوانرێت جۆری جیاواز لەنەوت تێکەڵ بکرێتو نەوتی زۆر باشی خاوەن چڕی بەرزی لێ بەئەنجام بگەیەنرێت..

٢-چاڵگەی زەمبور: ئەم چاڵگەیە لەگوندی بەعەرەبکراوی عەلی دەحامەوە تابازگەی ئێستای کەرکوك-بەغداد درێژدەبێتەوە.

٣-چاڵگەی بای حەسەن: لەناوچەی سلێمان بەخشیانەوە تاگوندی بای حەسەنی نزیك زێی بچووك درێژدەبێتەوە.

٤-چاڵگەی خۆبازە: لەناوچەی خۆبازەیەوو بەوێستگەکانی بای حەسەنەوە بەستراوەتەوە.

٥-چاڵگەی نەفت خانە: چاڵگەیەکی کۆنە بەر لەجەنگی عیراق-ئێران بەرهەمی رۆژانەی ٧٠ هەزار میل بوو، چاڵگەیەکی هاوبەشە لەگەڵ چاڵگەی نەفت شای ئێران.

٦-چاڵگەی بەتمە: لەنزیك عەین زالەوەیە.

٧-چاڵگەی عەین زالە: ژمارەی چاڵەکانی ٢٢ چاڵە.

٨-چاڵگەی سەفییە: دەکەوێتە نزیك مەحمودیە لەنزیك سنووری سوریاو چاڵگەیەکی هاوبەشە لەگەڵ سوریاو ژمارەی چاڵەکانی ٢٤ چاڵەو لەڕێگەی عەین زالەوە بەهێڵی عیراقی-تورکیەوەبەستراوەتەوە.

٩-چاڵگەی شیواشۆك: ئەم چاڵگەیەش لەناوچەی شیواشۆکی کۆیەیە کە لەئێستادا تەنها ٢بیری لێدۆزراوەتەوەو بەرهەمی هەیەو بیری سێیەمیش لەکارکردندان بۆ هەڵدانەوەو دەرهێنانی نەوت تیایدا، ئاماژەی باسکردنەکە ئەم بیرە

لەئێستادا زلهێزو خاوەن بەرژەوەندین لەجیهاندا، بەڵام نەوت بۆ کوردستان و بۆ گەلی کورد بۆتە مایەی داگیرو دابەشکردن و چەوساندنەوەو قاتوقڕکردن لەهەر چوار بەشەکەی کوردستاندا..

کورد تاکو ئێستاش نەیتوانیوە بەشێوەیەکی راست و دروست و هەمەلایەنە سوود لەو سامانە سروشتیە گرنگەی خۆی وەربگرێت و بیکاتە ئامرازێك بۆ گەشەکردن و پێشخستنی کوردستان و کۆمەڵگای کوردەواری، نەوت ئەگەر بۆ گەلانی‌تر بووبێتە مایەی خێرو بەرەکەت و هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگا، ئەوا بۆ کورد بۆتە تەوقی لەعنەت و چۆتە گەردنی بۆتە مایەی داگیرو دابەشکردن و چەوساندنەوەی و دواکەوتنی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا.

هەر بەهۆی نەوتەوە بووە کەکوردستان لەنێوان داگیرکەرانی بەریتانیاو فەرەنسی‌دا دابەشکراوەو لەدوایشدا ویلایەتی موصل هەر بەهۆی نەوتەوە بووە کەلکێنراوە بەدەوڵەتی عیراقیەوە، سیاسەتی داگیرو دابەشکردنی کوردستان و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی کوردستان لەزەمانی ئینگلیزەکانەوە پیادەکراوەو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقیش بەردەوامیان پێداوەو لەسەری رۆیشتوون.

نەوت لەرووی سیاسیەوە رۆڵێکی خراپی بینیوە دژ بەگەلی کورد چونکە هەر بەهۆی نەوتەوە بووە کەرژیمی عیراقی بەئاگرو ئاسن مامەڵەی لەگەڵ کوردا کردووەو پیلانی لەناوبردنی کوردو کاولکردن و وێرانکردنی کوردستانی دارشتووەو کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانکردن و جینۆسایدی دژ بەرۆڵەکانی گەلی کورد ئەنجامداوەو تاکو ئێستاش سیاسەتی بەعەرەبکردن و بەبەعسی کردن و راگواستن و پاکتاوکردنی رەگەزی دژ بەناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەدات، هەموو ئەم کارانەشی بۆ ئەوە بووە کەبتوانێت بەئاسانترین شێوە دەستبگرێت بەسەر سەروەت و سامانی کوردستانداو لەم پێناوەشدا گەورەترین و بەهێزترین سوپای دژ بەگەلی کورد بەبەردەوامی لەجەنگدا بووەو بەباشترین و کوشندەترین و نوێترین چەك و تەقەمەنی بایۆلۆجی و کیمیایی‌سەردەم دژ بەکوردو کوردستان بەکارهێناوە.

ئەگەر نەوت نەبوایە دەوڵەتی عیراقی نەیدەتوانی شەڕی درێژخایەنی دژ بەکوردو دەوڵەتی ئێران بفرۆشێت و تیایدا بەملیۆن کەسی بێگوناح تیادا بچێت، هەروەها نەیدەتوانی چەندەها دامودەزگای تۆقێنەرو داپلۆسێنەر لەکوردستاندا دابمەزرێنێت، بۆ گیانی رۆڵەکانی کورد، بەم شێوەیە نەوت خراپترین رۆڵی بینیوە لەرووی سیاسیەوە دژ بەگەلی کورد.. هەروەها نەوت لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتیشەوە رۆڵێکی زۆر خراپتری گێراوە لەدواکەوتن و گەشەنەکردنی کۆمەڵگای کوردەواریدا، کوردستان لەرووی ئابووریەوە نەك هەر گەشەی نەکردووە بەڵکو زۆر دواشکەوتووەو بەتەواوەتی ژێرخانی ئابووری داڕوخاو تەپیویشە.

کوردستان لەئەنجامی سیاسەتی بەسووتماکردن و نەهێشتنی رەزو باخ و دارستان و لەوەڕگاو ئاژەڵ و پەلەوەرو رووخاندن و کاولکردنی شارو شارۆچکەو گوندەکانەوە ببووە وڵاتێکی خامۆش و بێ‌پیت و بەرەکەت، نەکردنەوەی کارگەی بەرهەم هێنی گەورەو پەیدانەکردنی فورسەتی کار بۆ هاووڵاتیان ببوونە هۆی زیادبوونی دیاردەی بێکاری لەکوردستاندا ئاشکراشە لەهەر وڵاتێکدا هێزی کاری بەتوانا لەکاردا نەبوو ئەوا دەبێتە مایەی گەشەنەکردن و دواکەوتنی ئابووری وڵات و دابەزینی ئاستی خۆشگوزەرانی.

لەرووی کۆمەڵاتیشەوە نەوت بەهەمان شێوە رۆڵێکی خراپی بینیوە لەبڵاوکردنەوەی نەخوێندەواری و نزم بوونەوەی باری تەندروستی بەهۆی تێکدانی خوێندنگاکان و نەکردنەوەی نەخۆشخانەی پێویست و نوێ لەگەڵ گەشەکردن و زیادکردنی ژمارەی هاووڵاتیاندا بگونجێت، هەروەها بەهۆی کۆکردنەوەی دانیشتوانی گوندو شارۆچکە جیاوازەکان بەیەکەوە لەئۆردوگا زۆرەملێکاندا کۆمەڵگەی کوردەواری دیاردەی ناشیرین و تێکچوونی باری دەروونی تاکەکانی تیادابڵاوببووەوە، بەم شێوەیە کۆمەڵگای کوردەواری ببوە کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەوارو نەخۆش.. بواری بازرگانی و کشتوکاڵیش بەدەرنەبوون لەدواکەوتن. بەکورتی کوردستان لەهەموو بوارەکاندا دەرگای ئومێدی لێداخرابوو لەرۆژگارێکی گەلێك سەختدا دەژیا..

هەموو ئەم نەهامەتی و دەردەسەریانەی کوردو کوردستان بەهۆی دەوڵەمەندی خاکی کوردستانەوە بووەو کورد هیچ خێرو بێرێکی لەنەوتی خۆی نەبینی، بەڵکو ناخۆشترین و ناسۆرترین کارەساتیان بەسەرداهات، تاڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ روویداو ئیدی کورد کەوتە ژیانێکی ئازادو دیموکراسی و لەدوای هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی کوردی‌یەوەو دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە توانی کەمێك ئاوڕبداتەوە بەلای خاك و سامانە سروشتیەکانی و کەوتە هەوڵی بوژاندنەوەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەواری..

*کوردو ئەزموونی دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوتی کوردی

کورد وەك دەسەڵات و کیانێکی سەربەخۆی کوردی هیچ ئەزموونێکی نەبووە نەك لەبواری پیشەسازی و نەوت دەرهێنان و پاڵاوتندا، بەڵکو ئەزموونێکی دوورودرێژو گەورەشی نەبووە تەنانەت لەحوکم و دەسەڵات و ئیدارەشدا،

هـەر بۆیـە كـارێكی گـەورەو مێژوویـە كـەكورد لـەم بەشـەی كوردسـتاندا توانـی ئـەزموونی دەسـەڵاتو حوكمـی كـوردی دابمەزرێنێتو ئیداراتو یاسا بچەسپێنێتو زەمینەی ژیانی دیموكراسـیو ئـازادیو فرەحزبـی خـۆش بكـاتو بتوانێـت ژێرخـانی ئـابووریو بازرگـانی كوردسـتان ببوژێنێتـەوەو كشتوكاڵو مەڕو ماڵات گەشە پێبكاتو گەلێك داهێنانی مەزن لـەبوارەكانی كارەبـاو ئاوەدانكردنـەوەو خزمـەتگوزاریو خوێنـدنو تەندروسـتیدا دابـهێنێتو لەلایـەنی سـەربازیی پێشمەرگایەتیشدا كەڵكو سوودی گەورە وەربگرێتو بناغەی سوپایەكی مۆدێرنو بەهێزی كوردی دابمەزرێنێت، هەموو ئەم



چالگە نەوتەكانی هەرێمی كوردستان

كارانـەش لەسـەر دەسـتی حكومـەتێكی كـوردی خۆمـاڵی تـازە دروسـتبوودا بەئـەنجام گەیـەنراوە، حكومـەتی هـەرێم تـاجی سەركەوتنەكانی كردە سەرخۆی بەدەرهێنانی نەوتی كوردیو پاڵاوتنیو بەكارهێنانی لەلایـەن رۆڵەكانیـەوە، ئـەم داهێنـانو كارە مەزنو ستراتیژیە خـەونێكی لەمێژینـەی هـەموو كوردێك بـوو، كـە لەئێستاشـدا لەسـەر دەسـتی كۆمـەڵێك ئـەندازیارو تەكنیكارو كرێكاری كورد بەئەنجام گەیشتووە.

ئـەو نەوتـەی كەچـەندین سـاڵ ببـووە تـەوقی لەعنـەتو مایـەی دواكـەوتنو قاتوقڕی كوردان، لەئێستادا بۆتـە مایـەی خۆشبەختیو ئاسوودەیی گەلی كورد، ئومێدیش دەكرێت كە لەداهاتوودا زیاتر گەشە بەبواری نەوتو پیشەسازی نـەوتی بدرێت.

پـرۆژەی دەرهێنـانی نـەوتی كـوردی دوای رەزامـەندی حكومـەتی هـەرێمی كوردستان لەسـەر دەست بـەكاربوون لـەو پـرۆژە مەزنـەدا، لەلایـەن دوو لیژنـەوە كەیـەكێكیان كـاری تەقاندنـەوەی بـیرو دەرهێنـانی نـەوتی كەوتـە ئەسـتۆو ئەویتریشـیان دروسـتكردنی پاڵاوگەیـەكو پـاڵاوتنی نـەوتی كەوتـە ئەسـتۆ، دوای كـاركردنو مـاندووبوونێكی بێوێنـە لەبـەرواری ٢٧/١٢/١٩٩٤دا بۆ یەكـەم جار لـەمێژووی كـوردا نـەوتی كـوردی بەدەسـتی كـادرو پسـپۆرانی كـورد خۆیـەوە دەرهێـنرا، لـەبیری ژمـارە/٢ی شیواشـۆك، پاشـانیش بـیری ژمارە/١یش كەوتە بەرهەم، نەوتی ئەم بیرە لەجۆرە باشەكانی نەوتی دنیایە.

پاڵاوگەی نەوتیش لەسلێمانی لەبـەرواری ٣١/٨/١٩٩٦دا تەواو بوو، بەڵام بەهۆی رووداوەكانی ٣١ی ئابی ئەو ساڵەوە كاركردن تیایدا بۆ ماوەیـەك وەسـتا، تـا رۆژی ٢٣/١٠/١٩٩٧ بەفەرمانێكی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان پرۆژەكە كەوتـە گـەڕو لـەرۆژی ٥/١٢/١٩٩٧دا بۆ یەكـەم جـار بەرهـەمی نەوتی خۆماڵی كەوتە بازاڕەوەو بەكارهێنرا..

بـەم شـێوەیە خـەونی هـەزاران سـاڵەی كـوردان لەسـایەی راپەڕینو حكومەتو دەسەڵاتی كوردیدا هاتەدی..

ئـەم بـیرە نەوتانـە لەناوچـەی شیواشـۆكە كەدەكەوێتـە رۆژئاوای باشووری كۆیەوە بە(١٠كم)و بەچاڵگەی نەوتی تەق تەق ناسراوەو لە٣بیر پێكدێت، كە لەئێستادا ٢بیریان كەوتۆتە بەرهەمو كاركردن لەبیری سێهەمیشدا بەردەوامە، ئەم چاڵگەیە زۆر گەورەیـەو درێـژی چاڵگەكـە ٢٠كـمو پانیەكەشـی ٧كـمو نەوتەكەشی باشترین جۆری نەوتی دنیایە.

پاڵاوگەكەش هەرچەندە پاڵاوگەیەكی زۆر پێشكەوتوو نیە لـەروی تەكنـەلۆژیای سـەردەمەوە بـەڵام دەتوانێـت لـە٢٤ كاتژمێردا بڕی ١٠,٠٠٠ بـەرمیل نـەوت بپـاڵێوێتو بـەنزینو گـازۆیلو نـەوتی سپیو نەوتی رەش بەرهـەم بـهێنێت بـەپێی مواصـەفاتی زانسـتیو رۆژ بـەرۆژیش لەبەرەوپێشـبردنو فراوانكـردنو چاكسـازی زیاتردایـە، دەتوانێـت لـە٢٠٪ی پێداویستیەكانی ئەم ناوچانە دابین بكات، لەرۆژگاری كەوتنە گـەڕیو بـەكارهینانی بەرهەمـەكانی لـەبازاڕدا كاریگەریـەكی گەورەی كردە سەر دابەزینی نرخی سووتەمەنی كە لەئەنجامی گەمارۆی ئابووری سەپاوی عیراقەوە خرابووە سەر كوردستان نرخی سووتەمەنی زۆر بەرز ببووەوە.

بەم شێوەیە كورد بۆ یەكەمجار لەمێژوووداو دوای خەباتو شۆڕشێكی خوێناوی تواناو داهێنانی خـۆی لـەبواری دەرهێنـانو پـاڵاوتنی نەوتیشـدا دەربخـاتو وەك گـەلێكی زیندوو داهێنەر ئەو راستیە دوپات بكاتەوە كەكوردیش ئەگەر بواری پێشكەوتنو داهێنـانو ژیـانێكی ئـازادیو ئاشـتی بـۆ دابـین بكرێـت وەك گـەلانی دنیـا دەتوانێـت بەشـداری لەپیشكەوتنو گەشەكردنی كۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بكات..

*پیشەسازی نەوتو چۆنێتی پێشخستنی لەكوردستاندا

نەوت وەك سامانێكی سروشتیو كانزایەكی خاو ئەوەندە سوودی لێوەرناگیرێت، ئەگەر كۆمـەڵێك كـارلێكو گۆرانكـاری كیمیاویو فیزیاوی بەسەردا نەهێنرێت، نەوت سەرچاوەیەكی سـەرەكیە بـۆ زۆر پیشەسـازی هـەر لەدروسـتكردنی پەینـە

کیمیاویـەکانو پرۆتینـەکانو مـادە خۆراکیـەکانو کەلوپەلـە پلاستیکیەکانو.. هتد.

کەواتـە دەتوانرێـت ئـەوەندەی تـر زیـادبکرێتو رۆڵـی گـەورەتر ببینێـت لەگەشـەکردنو بوژاندنـەوەی ئـابووری کوردستانو پێشخستنی گۆمەڵگای کوردەواریدا..

پیشەسازی نـەوت بـەچوار قۆنـاغی گرنـگو سـەرەکیدا تێپەردەبێت ئەوانیش:

١-قۆناغی بەرهەمو دەرهێنانی نەوت.

٢-قۆناغی گواستنەوەی نەوتی خاوو فرۆشتنی.

٣-قۆناغی پالاوتن.

٤-قۆناغی پیشەسازی کیمیاوی نەوت

هـەر یـەکێك لـەم قۆناغانـە گرنگـی نـەوت زیـاد دەکـەنو کاردەکەنە سەر بەرزکردنەوەی نرخی نەوت.

*پێشخستنو گەشەپێدانی پیشەسازی نەوت گرنگیـەکی گەورە دەداتە نەوتو ئەوەندەیتر سوودو کەڵك دەگەیەنێتە رەورەوەی پێشـکەوتنی ئـابووری کوردسـتان، هـەر بۆیـە دەکرێـتو کـارێکی گرنگـە کەحکومـەتی هـەرێم هـەوڵی گەشەپێدانی ئەم بوارە بدات ئەگەریش سەرەتایی بێت، لـەو رێوشوێنانەش کەدەکرێت پەیرەوبکرێت:

١-کاربکرێت بۆ گەورەکردنو فراوانکردنی پالاوگەی نەوت لەرووی جۆرو برەوەو بەکارهێنانی پاشەرۆکانی پالاوتن.

٢-دەکرێت سووتاندنی غازی سروشتی کەم بکرێتەوە.

٣-کـاربکرێت بـۆ پێگـەیاندنو پێشخسـتنی توانـاو شارەزایی کادری پسپۆر لەبواری نەوتو پیشەسازی نەوتدا لەرێگـەی کردنـەوەی پـەیمانگاو کۆلیـژی تایبـەتو ناردنـە دەرەوەی کادر بۆ دەرەوەی ولات.

٤-کارکردن بۆ دامەزراندنی پیشەسازی پترۆکیمیاویات.

٥-گرنگـی بدرێـت بـەهۆکارەکانی گواسـتنەوەی نـەوتو گەشەپێکردنی لەرێگەی راکێشانی بۆری نەوتو پەیداکردنی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگری تایبەت بەنەتەوەو.. هتد.

بەم شێوەیە دەتوانرێت پیشەسـازی نـەوت پێشـبخرێتو گەشـەی پێبدرێـتو لەکۆتایشـدا ئـابووری کوردسـتان بـەهێزدەبێتو دەتوانرێـت لـەم رێگەیـەوە داهـاتی نەتـەوەیی زیـادبکرێتو دراوی قـورس بهێنرێتـە ولاتـەوەو بازرگـانی دەرەکی گەشە پێبدرێتو دەسمایەیەکی باش دابینبکرێتو میزانیـەی حکومـەتی پێبـەهێزبکرێتو نەخشـەو پلانـی گەشەپێدانی ولاتی پێجێبەجێ بکرێت.

*دەرەنجام

نەوت سامانێکی سروشتیو ستراتیژیو گرنگەو لەخاکی هەر گەلو ولاتێکدا بێت هۆکارێکی سەرەکیە بۆ گەشەپێدانو پێشـکەوتنیو بـەهێزبوونی، نـەوت سـەرچاوەیەکی وزەیـەو کۆڵەکەی سەرەکی ئابووری ولات پێکدەهێنێت.

نەوت بۆ کوردو کوردستان بـۆ ماوەیـەکی دوورو درێـژی مێژوویی رۆڵێکی خراپو نیگەتیفانەی گێراوە لەپێشخستنو گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردەواریو ئابووری کوردستانداو هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ دابەشو داگیرکردنی کوردستانو قـاتو قڕکـردنو جینۆسـایدی کـوردو بەسـوتماککردنی زەویوزارو رەزو بـاخو دارسـتانو لـەوەرگاو وشـك کردنـی کانیو سەرچاوەی ئاو لەکوردستانو دواکەوتنی کشتوکاڵو لەناوبردنی ئاژەڵو پەلەوەرو بلاوبوونەوەی نەخوێندەواریو خـراپ بوونـی بـاری تەندروسـتیو پێشـنەکەوتنی ئـەدەبو هونەرو وەرزش.. هتد.

نەوت بۆ کورد لـەجیاتی خێروبێر ببووە بەلاو نەهامەتی، بـەلام لەسـایەی کۆڵنـەدانو بـەردەوام بوونـی شـۆرشو راپەرینەکانی کوردەوە لـەم بەشـەی کوردسـتاندا داگیرکـەران نەیان توانی ئاسۆی رۆژێکی نوێو رۆشن لـەکورد دابخـەنو ویستو مەرامەکانیان بهێننەدی.

لەسـایەی راپـەرین و حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانەوە نـەوتی کـوردی دەرهێـنراو پـالێوراو لەلایـەن کوردیشـەوە بەکارهێنراو خەونی هەزاران ساڵەی کوردان هاتەدی، ئومێدی گـەورەش هەیـە بـۆ زیاتر پێشخسـتنو گەشـەپێدانی بـواری نەوتو پیشەسازی نـەوت لەکوردستانداو ئێدی دەتوانرێـت نەوت ئەو رۆڵـەی کە دژ بەگـەلی کـوردی گێراوە لـەرابردوودا بگۆرێت بۆ رۆڵێکی پۆزەتیفانەو هێندەی جاران زیاتر ببێتەوە خێرو بەرەکەت بۆ کوردو کوردستان. بەدڵنیاییەوە کەئەگەر ئەم دەسەلاتو حکومەتەی کورد بەردەوام بێت ئەوا لـەداهاتوودا ئامانجـەکانو خواسـتو ویسـتەکان باشـترو روناکـتر دەردەکەون..

*بەرێوەبەری کارگەی گەچی هونەری بازیان

سەرچاوەکان:

١-ئەمنی ستراتیجی عیراقو سێکوچکەی بەعسیان: تەرحیل، تـەعریب، تـەبعیس/ئـەمین قـادر مینـە/سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی ستراتیجی کوردستان/سلێمانی/١٩٩٩ چاپی دووەم.

٢-رۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێی ژمـارە ١٨٣٤ لـەرۆژی ٢١/٤/١٩٩٩دا کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی ئەندازیار رەشید خالد خۆشناو سەپەرشتیاری پرۆژەی نەوتی کوردستان.

٣الصناعات الکمیاویة ومستقبل النفط العربي/د. محمد ازهر سماك/دار الحریة للطباعة والنشر/بغداد/العراق-١٩٧٧

٤-الصناعات النفطیة في العراق/د.محمد ازهر سماك/دار الحریة للطباعة والنشر/بغداد/العراق/١٩٨٢

٥-النفط مستعبد الشعوب/یوسف ابراهیم یزبك/مطبعة الفن الحدیث/بیروت-لبنان/١٩٣٤

# تێکردنی کۆنکرێت لەڕۆژانی سارددا

ئەندازیار: عەبدولرزاق مەرزنگ

کەش وهەوای کوردستان لەوەرزی پایزو زستاندا دەچێتە قۆناغێکی باراناوی و بەفرو ساردو شەختەوە. لەو بارودۆخەدا کردەکانی دروستکردن و کاری کۆنکرێت کەم دەبێتەوەو بگرە لەهەندێ جێگای ساردو بەستەلەکیدا بەتەواوی دەوەستێت.

پرۆسەی بیناسازی و دروستکاری بەهۆی بڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراک و هەڵمەتی ئاوەدان کردنەوە لەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا لەبارێکی چالاک و پێشڤەچوندایە. زۆر لەپرۆژەکان لەکاتی جێبەجێکردندا تووشی شاڵاوی سەرماو زستان دەبنەوەو گرفتیان بۆ دروست دەبێ.

جابۆیە لێرەدا دەمانەوێ ئەوە روون بکەینەوە کەخاوەن کارو پرۆژەکان لەڕۆژگارە ساردو باراناویەکاندا کەدەیانەوێ کۆنکرێت تێبکەن، بەڵام زۆر دەترسن لەبەستن و دابەزینی پلەی گەرمی و سەرنەکەوتنی کارەکانیان بەتایبەتی لەشەوگارە ساردو درێژەکاندا.

لەم بارو ساتەدا واچاکە سوود لەم تێبینیانە وەربگیرێ تاپرۆژەکە تووشی زیان و مەترسی نەبێتەوە:



١-لەکاتی باراندا ئەگەر بارانەکە نمو نمو تاو تاو بوو کاری نەکردە سەر تێکدانی رووکاری کۆنکرێتەکە یان لەبەر رۆیشتنی ئاوی چیمەنتۆکە ئەوە دەکرێ کرداری تێکردن بەردەوام بێت. ئەوجا ئەگەر ترسی بارینێکی دواتر هەبوو کەهێشتا کۆنکرێتەکە رەق نەبووە وا دەخوازێ بەهۆیەک لەهۆیەکان رێژنەی بارانی لەسەر دووربخرێتەوە، ئەویش لەرێگای هەڵدانی خێوەت و رەشماڵ ئەگەر گونجا ، یاخود داپۆشینی بەهۆی نایلۆن بەمەرجێ کارنەکاتە سەر شێوەو روخساری رووی دەرەوەی کۆنکرێتەکە.

کارلێکی کیمیاوی یەکەمجاری چیمەنتۆ لەگەڵ ئاو لەکرداری (HYDRATION) جگە لەسەعاتی یەکەمی، بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لەباری ئاساییدا درێژدەبێتەوە . هۆکارەکانی پلەی گەرمی و رادەی شێ و هەواو بڕی ئاوی گیراوەکە راستەوخۆ کاریان هەیە لەسەر ماوەی رەق بوون و توندبوون، ئەوەش بزانین کەچیمەنتۆ لەکاتی کارلێکردندا گەرمایی دەبەخشێت بەڕادەی یەک گرام بۆ (٨٠-١٠٠) کالۆری.

ئیتر دوای ئەو ماوەیە (٢٤ کاتژمێر) بەهەر شێوەیەک بێت و چەند ئاوو بارانی بێتەسەر زیانی نابێت بەڵکو سوودی پێدەگەیەنێت، بۆیە وادەخوازێ کە لەوماوە دیاریکراوەدا کۆنکرێتەکە لەسەرماو زوقم و بارانی رێژنەو داشۆرین و جوڵە بپارێزرێ.

٢-پلەی گەرمی، پێوانی پلەی گەرمی لەڕۆژە ساردو زۆر گەرمەکاندا پێویستە.ئاسایی لەنێوان (١٥-٤٥) پلەدایە، ئەویش دەشێت بەهۆی هەر جۆرە گەرمی پێوەرێک بێت دیاری بکرێت، ئەگەر هات و پلەی گەرمی لە٥ی سەدی ساردتر بوو دەبێ هەموو کردارەکانی کۆنکرێت تێکردن رابوەستێ، چونکە لەباری بەستندایەو راستەوخۆ مادەکان هەر لەگەڵ تێکردن بەرەو پلەی بەستن دەچێت و چیمەنتۆکە کەمادەیەکی کیمیاویە گەوهەری کردارە سروشتیەکەی خۆی لەدەست دەدات و کۆمەڵە مادەکان بەبێ یەکگرتن و رەق بوون دەمێننەوە.

٣-چیمەنتۆ؛ جۆری پۆرتلاندی ئاسایی کەلای خۆمان زۆرەو پتر بەکاردەهێنرێ، پێکهاتەیەکی کیمیاوییەو پێکهێنەرە سەرەکیەکانی بریتین لەسلیکاتی کالیسیۆم و ئەلۆمیناتی کالیسیۆم و ئەلۆمنیاتی ئاسن و هەروا رێژەیەک لەئۆکسیدەکانیشی تێدایە بەم شێوەیە:

A-کالیسیۆم ئۆکساید (نورە) $CaO$ بەرێژەی ٦٣٪

B-سلیکۆن ئۆکساید $Si O_2$ بەرێژەی ٢٢٪

C-ئەلەمنیۆم ئۆکساید (ئەلۆمنیا) $AL_2O_3$ بەرێژەی ٧٪

D-ئۆکسیدی ئاسن $Fe_2 O_3$ بەرێژەی ٣٪

E- مەگنیسیۆم ئۆکساید $Mgo$ بەرێژەی ٢٪

F-کبریت ئۆکسایدی سێیەم $SO_3$ بەرێژەی ٢٪

G-سۆدیۆم ئۆکساید $Na_2O$ بەرێژەی ١٪

یاخود بۆتاسیۆم ئۆکساید $K_2O$

تێبینی :

ئەو پێکهاتانە بکە چۆن هەموویان ئۆکسایدیان پێوەیەو کاریگەرانە لەگەڵ ئاودا کارلێکی چالاکانەیان کردووە.

جگە لەوە چەند جۆرێکی دیکەی چیمەنتۆ هەیە، کەواچاکە تەنها ناویان بێنین:

١-چیمەنتۆی پۆرتلاندی ئاسایی.
٢-چیمەنتۆی پۆرتلاندی تێکرایی.
٣-چیمەنتۆی پۆرتلاندی زوو رەق بوون.
٤-چیمەنتۆی پۆرتلاندی نزمە گەرمی.
٥-چیمەنتۆی پۆرتلاندی بەرگری خوێ و شۆری.
٦-چیمەنتۆی ئەلۆمینای بەرز.
٧-چیمەنتۆی سلاگ.
٨-چیمەنتۆی بیرە نەوتەکان.
٩-چیمەنتۆی پۆرتلاندی سپی.
١٠-چیمەنتۆی پۆرتلاندی رەنگاورەنگ.



٤-لەباری ساردو نیمچە بەستەڵەکی‌دا، واچاکە مادە پێکهێنەرەکانی وەکو چەوولم (aggregates) گەرم بکرێن، بەڵام لەهەمووی چاکتر ئەوەیە کەئاوەکە گەرم بکرێت، بۆئەوەی کارلێکی سەرەتایی بەرێکوپێکی رووبدات و ئاوە گەرمەکە تێکەڵەی مادەکان گەرم بکاتەوەو لەسەعاتی یەکەمدا، پلەی گەرمی ئاسایی خۆپارێزی کارلێکردن بمێنێتەوە، چونکە ئەو گەرمیەی لەکاتی سەرەتایدا لەکەشی ساردا لەدەست دەچێت بۆ ناو هەوا ئەوە بەو ئاوە گەرمە دێتەوە جێگای و قەرەبووی بۆ دەکرێتەوە.

بەڵام دیارە بۆ کارلێکی دووەم (٢٤ کاتژمێر) ئەو برە گەرمیە نامێنێ و لەوانەیە شەپۆلی ساردی بەتایبەتی لەشەودا بەسەریدا بێت و دووبارە کۆنکرێتەکە تووشی بەستن بکاتەوە.

٥-دەکرێ مادە ئاودەرەکان (ئەکسیلەرەتەر ACCeleratar ) کەشلەیە یاخود کالیسۆمی فۆرمایت Formate Calisum بەرێژەی ١,٥٪ کێشی چیمەنتۆیەکە تێکەڵاوی کۆنکرێتەکە بکرێت. وەك مادەیەکی زیادکراو (المضافات) خاسیەتی ئەو مادەیە ئەوەیە کەناهێڵێ ئاوەکەو تێکەڵاوەکە بچێتە دۆخی بەستنەوەو لەپلەکانی سەروی بەستن دەیهێڵێتەوە کارلێکە کیمیاویەکە هێدی هێدی بەردەوام دەبێ، بەڵام ئەو مادانە نرخیان گرانەو لەکوردستانیش کەمتر دەست دەکەون .

٦-بەکارهێنانی مادەی جیاکەرەوە رووپۆش رێگایەکە چاکتر پەیرەودەکرێت. ئەویش بەراخستن و دانانی ئەو بەرگە جیاکەرەوانەی رووی کۆنکرێتەکەو هەوای دەوروبەر دووردەخاتەوەو ناهێڵێ شەپۆلی ساردی و بەستن بگاتە کۆنکرێتەکە.

لەهەموو ئەو مادانەش ئاسانتر کە لەوڵاتەکەماندا دەست دەکەوێ (کا) یە لەسەر رووی سەرەوەی کۆنکرێتەکە بەئەستوری و بەلەبارێ چینێکی نایلۆن رابخە، ئینجا توێژاڵێکی (کا) یاخود (ئاردەدار) لەسەر نایلۆنەکە بڵاوبکەرەوە بەئەستووری ١٠-٢٠سم پاشان نایلۆنێکی دیکەی بەسەردا هەڵکێشەو لەرۆخەکانیەوە بیبەستەوە، تاوەکو باو زریان لەسەری هەڵنەداتەوە، چونکە نابێ کایەکە تەربێت.

یاخود کایەکە بەفشەڵی لەگونیە بکرێ و بەرێز لەتەك یەکتر دابنرێ لەسەر هەموو رووی سەرەوەی کۆنکرێتەکە بەنایلۆن لەسەرەوەرا داپۆشرێ.

ئەگەر بکرێ لەبنەوەرا لەناو ژوورەکان ئاگر بکرێتەوە زۆر باشە بەهۆی زۆپا یان پەرەمز یاهیتەر، بەمەرجێ ئاگاداری سوتانی دارەکان بێ و پلەی گەرمایی بنەوەش رادەگیرێ و ئاگاتە بەستن.

دیارە ئەم کردارە بۆ ماوەی دوو شەوان پێویستەو دوایی ئەو شتانە دووردەخرێنەوەو ئیدی باران و شێ یارمەتی کۆنکرێتەکە دەدات بۆ بەردەوامی رەق بوون و کارلێکەکان تاماوەی ٢٨ رۆژان بەردەوام دەبن.

٧-بەکارهێنانی چیمەنتۆی پۆرتلاندنی زوو رەق بوو (High Early Strength Portland Cement) کە خاسیەتی سەرەکی ئەو چیمەنتۆیە ئەوەیە زوو لەکاتە سەرەتاییەکانی‌دا رەق دەبێت و لەمەترسی ساردو سەرماو بەستن دووردەکەوێتەوەو کارەکەش زوو ئەنجام دەدرێت.

بەڵام کۆنترۆڵ کردنی بەتایبەتی (لوس کردن و سەقلی سەرەوەی) هۆشیاری چالاکی دەوێت تافریای دەکەوێ، سودێکی دیکەی بەکارهێنانی ئەو چیمەنتۆیە ئەوەیە کە قاڵبەکانی زووتر لێدەکرێتەوە، بەڵام ئەم جۆرە چیمەنتۆیەش ئێستا کەمتر لەکارگەکانی ناوخۆدا بەرهەم دەهێنرێ و پەیداکردنیشی نرخێکی گران دەوەستێت.

سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
١-تكنلوجيا الخرسانة. اعداد الاستاذ جلال بشير سرسم.
٢-انشاء المباني والمواد البنائية. الاستاذ يوسف الدواف.

# لەحیم کردن بەلێشاوی ئەلکترۆن

# Electron- Beam Welding

ئەندازیار : عەبدولکەریم شاه محەمەد

بێگومان جۆرەکانی ئامێری لکاندن (لەحیم کردن) زۆرن و هەر جۆرێک بۆ ئیشێکی تایبەت بەکاردەهێنرێت، یەکێك لەو جۆرانە ئامێری لەحیم کردنە بەلێشاوی ئەلکترۆن.

ئەم ئامێرە هەروەکو لەوێنەکەدا دیارە بریتی‌یە لەسنوقێکی بەتاڵ کراو لەهەوا کەنموونەکەی تێدا دائەنرێت و لەئەلکترۆن هاوێژێك (Elctron gun) کەپێك هاتووە لەکاسۆد و ئەنۆدێك کەپەستانێکی کارەبایی بەرز (30 KV)ی لەسەرە، کاسۆدەکەش بەهۆی فیتیلەیەك گەرم ئەکرێت، بەگەرم بوونی کاسۆدەکە ئەلکترۆنەکان بەجێی دێڵن و رادەکێشرێن بەرەو ئەنۆدەکە ئەمەش ئەبێتە هۆی دروست بوونی لێشاوێکی چڕو خێرا لەئەلکترۆن کەلەدرزی ئەنۆدەکە ئاراستەی نموونەکە ئەکرێت، هەندێ جار خودی نموونەکە بەئەنۆدەوە ئەبەسترێت. هەروەها کۆیلی موگناتیزی بەکارئەهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی تیشکی ئەلکترۆن و ئاراستەکردنی بەرەو رووی نموونەکە.




لەکاتێکدا جیاوازی پەستان بگاتە (15KV) ئەوا خێرایی ئەلکترۆنەکان ئەکاتە (224000کم/چ) ئەم برە گەرمەش ئەکاتە: Q= 0.292 EI

جول/چ=Q، ئەمپێر= I ، ڤۆڵت=E

لەسیفەتە باشەکانی ئەم جۆرە لەحیم کردنە ئەوەیەکە لەحیمێکی قول و باریك و تەسك بەدەست ئەهێنرێت و پێویستی بەوایەری لەحیم نی‌یە کەتیشکی ئەلکترۆنەکان بەرووی نموونەکەدا ئەکەوێ گەرمیەکی زۆر پەیدائەبێت و ئەبێتە هۆی کون کردنی کانزاکەو ئەم کونانەش پڕئەبن لەهەڵمی کانزاکە کەیارمەتی تیشکەکە ئەدات بۆچوونە ناوەوەی زیاتر. بەجوڵاندنی نموونەکە لەحیمێکی رێکوپێك بەشێوەی هێڵکی راست ئەنجام دەدرێت، پاش تیپەربوونی لێشاوەکە هەڵمەکە ساردەبێتەوەو لکاندنێکی چونیەك ئەنجام دەدرێت.

ئەم جۆرە ئامێرە هەرچەندە کار بەجێ‌یە بەڵام لەرووی ئابووری‌یەوە خەرجیەکی زۆری ئەوێت هەروەها بەزیادبوونی پەستانی کارەبا (30KV) ئەبێت رەچاوی دروست بوونی تیشکی (X) بکرێت.



# تەزوو بڕ

دوابەدوای جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦ی (نەوت بەرامبەر بەخۆراك) لەپارەی نەوتی فرۆشراو بڕی ١٣٪ بۆ ناوچەی کوردستان دانرا. بۆ کارەبا ئەو بوارەی لێرە مەبەستمانە بڕێك پارە دانرا.

لەساڵی ١٩٩٧وە دەستکرا بەئامادەکردنی لیستی پێداویستیەکانو ناردنی بۆ UNDESAو UNDP لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٨ بەدواوە هەندێ لەو کەرەستەو مەوادانە گەیشت، دوای بەردەوام بوونی بڕیاری ٩٨٦ بواری ئیشەکان فراوانتر بوو بەتایبەتی بەشی وێستگەکان ئەویش بەداواکاری دروستکردنی وێستگەی گۆڕینی کارەباوە هێنانی هەموو پێویستیەکانی چونکە ماوەیەکی زۆر بوو ئەو وێستگانە لەکاردا بوونو کەرەستەی یەدەگی نەمابوو لەحاڵەتێکی ئیش کردنی زۆر خراپدا بوون.

بۆ ئەم مەبەستە توانرا گرێبەستی (عقد) لەگەڵ کۆمپانیای (ABB)ی سویدیو ئەڵمانی بکرێت بۆ دروست کردنی پارچە سەرەکیەکانی وێستگەکان بەتایبەتی سێرکت برێکەرو هەموو پێداویستیەکانی کەئێستا لەوێستگەکاندا دانراوە، وا لەخوارەوە کورتەیەك دەربارەی سێرکت برێکەری 11KV & 33KV دەدوێین.

سێرکت برێکەر لەجۆری (HPA) بۆ کوژانەوەو ئیش پێکردنی کارەبا لەوێستگەکانی کارەباوە بۆ ئەو شوێنو جێگایانەی کە مەبەستە کارەبای 11KV & 33KV پێبگات، ئەم جۆرە سێرکت برێکەرە پۆلەکانی لەناوەوە جیاکراوەتەوە بەغازی (SF6)و غازی (SF6) ئەم لایەنە باشانەی هەیە:

# CIRCUIT BREAKER

ئەندازیار : حامد قادر



١-نەگەیەنەرێکی زۆر باشی کارەبایە.
٢-توانای کوژانەوەی سپارکی کارەبای باشە.
٣-مادەیەکی کیمیایی نەگۆڕە (CHEMICALLY STABLE).
٤-گڕناگرێت (NON FLAMMABLE).
٥-مادەیەکی ژەهراوی نیە (NON TOXIC).

ئەم جۆرە سێرکت برێکەرە بەشێوەیەکی ئاسایی کارئەکات واتە لەکاتی ئیش کردندا هیچ جۆرە مەترسییەکی نیە لەبەر ئەوە زۆر گونجاوە بۆ چاودێری کردنی لەلایەن ستافی ئیش پێکردنی وێستگەکانەوە ماوەی تەمەنی بەشی میکانیکیو کارەبای ئەم جۆرە سێرکت برێکەرانە زۆرەوە کەمترین صیانەی پێویستەو تەمەنی درێژی بەشی کارەباییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ماوەی کرداری (BREAKING)، واتە کەمی ماوەی کرداری (ON)و ( OFF ) کردنی، بۆنموونە پۆلەکانی (POLES) ئەتوانرێ زیاتر لە ١٦٠ جار کرداری (BREAKING) پێبکرێت لەتەزووی (KA 10)دا بەبێ ئەوەی هیچ صیانەیەکی ئەوتۆی پارچەکانی بوێت هەروەها لەکاتی پێویستدا گۆڕینی پارچەکانی ئاسانە، تیستی( TEST )ئەم سێرکت برێکەرە کراوە بەپێی ستاندەری (IEC 56)وە (ANSIC 37.09)

ئەم خشتەیەی خوارەوە زانیاری تەکنیکیە دەربارەی سێرکت برێکەر لەجۆری (HPA)

OPERATING CYCLE 0-0. 3s-CO- 3min- CO

| | | | |
|---|---|---|---|
| OPERATING | TIME | ms | 38 |
| ARCING | TIME MAX | ms | 15 |
| BREAKING | TIME | ms | 53 |
| MAKING | TIME; MAX | ms | 75 |

## چاوپێکەوتن

# لەگەڵ ئەندازیارێکی بەتەمەن و خاوەن ئەزموندا

لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئەندازیارێکی بەتەمەن و خاوەن ئەزموودا ، چاومان کەوت بەئەندازیاری کارەبایی بەڕێز کاك عومەر رەمزی مەعروف بەڕێزیشی بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە:

ناوم عومەر رەمزی مەعروف-ەو ساڵی ١٩٣٣ لەسلێمانی لەدایکبوومو یەکێکم لەدەرچووانی زانکۆی (درهام) لەئینگلتەرا کەساڵی ١٩٥٨ تەواوم کردووەو لەکۆتایی پەنجاکاندا گەڕاومەتەوە شاری سلێمانیو بووم بەلێپرسراوی ئاوو کارەبای هەموو ناوچەی سلێمانی، چونکە ئەوسا ئاوو کارەبا یەك بەش بوون.

لەو ماوەیەدا کەگەڕامەوە شاری سلێمانی تازە کارەبای (هێزی بەرز) دامەزرابوو، لەدوبزیشەوە دەهاتو دەستکرا بەنوێکردنەوەو رێکخستنەوەی تۆڕی ناوشارو گەشەپێدانو گونجاندنی لەگەڵ کارەبای تازەدا، دەرگاکرایەوە لەبەردەم زۆربەی دانیشتوانی ناوشاری سلێمانی بۆئەوەی بتوانن بەئاسانیو بێگێرمەوکێشە کارەبای خۆیان وەربگرن، چونکە کارەبا ئەوەندە کەموکوڕی تێدابوو، نەدەتوانرا بەئاسانی بدرێت بەهەموو شار.

بەڵام شارۆچکەکانی دی چواردەوری سلێمانی وەك هەڵەبجەو قەڵادزێو رانیە.. هتد بەهۆی وێستگەی دیزڵ-ەوە کارەبایان بۆ دابین دەکرا.

لەدرێژەی چاوپێکەوتنەکەماندا بەڕێزی وتی:

-کە هاتمەوە سلێمانی ئەندازیار زۆر کەم بوو، لەهەموو شاری سلێمانیدا تەنها ١٦ ئەندازیار هەبوو، بۆیە ئەندازیاری ئەوسا بێجگە لەپسپۆڕییەکەی خۆی لەزۆر بوارو پسپۆڕی تردا کاری دەکرد.

لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەموز، لەعیراقدا دەستکرا بەدانانی لقی سەندیکای ئەندازیاران (نقابە المهندسین) بەڵام بەپێی یاساو پەیڕەوو پرۆگرامی ئەوسا دەبوایە هەر لقێك لە٢٠ ئەندازیاری کەمتر نەبوایە، ئەوسا مۆڵەتی کارکردنیان پێدەدا، بەڵام لەبەرئەوەی ژمارەی ئەندازیارانی سلێمانی لەوژمارەیە کەمتر بوو، بۆیە رێگەیان نەدا لق بکرێتەوە (فرع نقابە المهندسین) بەڵکو رێگەیاندا تەنها نوێنەرایەتیەك (ممثلية نقابة المهندسين) لەشاری سلێمانیدا بکرێتەوە.. من بووم بەیەکەم لێپرسراوی ئەو نوێنەرایەتیە.

بەم جۆرە مایەوە تا ژمارەمان لە٢٠ زیادی کردو ئەوسا توانیمان لق بکەینەوە، ئەویش لەساڵانی شەستەکانی سەدەی پێشوو بوو.

جارێکی دی بەڕێزی وتی:

هەروەك لەپێشەوە بۆم باسکردن لەبەر نەبوونی کادری پێویستو پسپۆر بێجگە لەکاری کارەبا، سەرپەرشتی پرۆژەی ئاوی هەموو ناوچەی سلێمانیم دەکرد.

لەو ماوەیەدا پرۆژەیەکمان لەسەرچنارەوە بۆ سلێمانی جێبەجێکرد.

وەکو بیرم بێ ساڵی ١٩٦٤-١٩٦٥ تەواوبوو.

دوای ئەو ماوەیە شاری سلێمانیم بەجێهێشتو چووم بۆ بەغداو لەوێ لەوەزارەتی شارەوانی لێپرسراوێتی هەموو عیراقم خرایە ئەستۆ بۆ دامەزراندنو پەرەسەندنی کارەبا بێجگە لەناوچەی پایتەخت. وەلە ساڵی (١٩٧٥)یشەوە هەموو کارەبای عێراق کرابەیەك و خرایەسەر وەزارەتی پیشەسازی و وزە ،بەم جۆرە تواناکان زۆرتر و فراوانتر بون ، وەتوانیمان چەندەها پرۆژە پێشنیار بکەین و جێبەجێیان بکەین ، لەسەر



بنەچەو بنەمای زانستی چەندەها نەخشەمان بۆ ژمارەیەکی زۆر لەوێستگەی کارەبا داناو چەندەهامان دامەزراندو چەندەها هێڵی کارەبایی کە بەسەدەها کیلۆمەتر درێژی مەزەندە دەکرێ لەهێڵی کارەبایمان راکێشاو چەندەها کۆمپانیای بیانی بەشداریان لە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانەدا کرد ، لەوانە(میرلن جرن )ی فەرەنسی و(سای)ی ئیتالی و (ئەزکوانزت) ی یۆگسلاڤی .

هیوادارم کە بەپێی بارودۆخی ئێستای کوردستانو لەسەر بنچینەیەکی زانستی، نەوەی نوێ بتوانێ لەماوەیەکی کورتدا چارەسەری ئەو تەنگو چەڵەمانە بکات کەئێستا لەناوچەکەماندا هەیە.

چونکە وەك لەپێشەوە باسم کرد، ئەوسا تواناکانو ژمارەکەم بوون، بەڵام ئێستا تواناکانو ژمارەی ئەندازیارانو پسپۆری زۆر لەوسا زیاترنو توانای پەیوەندیکردن بەدەرەوە بەتایبەتی لەرێگەی ئینتەرنێتو چەندەها کەناڵیتر زۆر بەرەوپێشچووەو ئەمە بێجگە لەوەی کەئێستا لەشاری سلێمانیدا زانکۆی سلێمانی هەیەو کۆلیژی ئەندازیاری تیایەو سەرچاوەیەکە ئەکادیمی بەهێزە بۆ کوردستانو شارەکە.

هەروەها لەپێناوی زیاتر بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی ئەندازیاران وای بەباشی دەزانم، کەیەکێتی ئەندازیاران بە هاوکاری زانکۆ زیاتر پەرە بەباری ئەکادیمیو زانستی بەردەوام (التعليم المستمر) بدات ، ئەویش بۆ ئاگاداری زیاتری ئەندازیاران لەگەشەکردنی داهێنراوە نوێکانی جیهانو ئاشنابوون پێیان.

**لە ئامانجەکانی**

**یەکێتی یئەندازیارانی کوردستان**

*** کۆکردنەوەی وزەی ئەندازیاران و بەهێزکردنی توانایان بۆ ئەوەی لەم قۆناغە و داهاتووشدا رۆڵی کاریگەری خۆیان لە ئاوەدانکردنەوە و گەشە پێدانی هەرێمی کوردستاندا ببینن. هەروەها کارکردن بۆ بە ئاکام گەیاندنی هەمئاهەنگی و هاوکاری لە نێوان دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و ئەو رێکخراوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن.**

*** کارکردن لەسەر رێنمایی و هۆشیارکردنەوەی ئەندازیاران بۆ جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی کارە ئەندازەییەکان بە پێی مەرج و مواصەفاتی تەکنیکی پێوانەیی کارپێکراو و پابەندبوون بە نەخشەی بنەڕەتییەوە.**

بەندی (٤) لە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ

# ئاشتی و بوژانەوە

دروشمی کۆنگرەی دووەم/٢٠٠١

# دیداریك لەگەڵ خاوەنی (کارگەی خشتی سیروان) دا

ئامادەکردنی/ئەندازیاران

ئاشکرایە لەوکاتەوەی مرۆڤی سەرەتایی وازی لەژیانی شاخ و ئەشکەوتەکان هێناوەو لەقۆناغی کۆمەڵگەی راوکردنەوە هەنگاوی بەرەو ژیانی پێدەشت و خۆخەریك کردن بەکشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتەوە هەڵنا.. هەستی کرد کە پێویستی بەجیگەو شوێنێك هەیە بۆ حەوانەوەو پاراستنی لەسەرماو هێرشبردنی درندەو دوژمنەکانی، ئیدی بیری لەدروستکردنی خانوو بینا کردەوەو لەو کاتەوە کەرەستەی بیناسازی گرنگی و رۆڵی گەورەی بینیوە لەژیانی مرۆڤدا، لەو کەرەسانەش بەردو قوڕو تەختەو دارو بلۆك و خشتی سوورو ،، هتد.

لەمیانەی ئەم دیدارەماندا هەوڵ دەدەین تیشکێك بخەینە سەر کەرەستەیەکی گرنگ و دروستی بیناسازی کە ئەویش (خشت) ە، بەو مەبەستەیش سەردانی بەڕێز (ئاسۆ محەمەد رەئوف)مانکرد کەخاوەنی (کارگەی خشتی سیروان) ە لەتانجەرۆ بەو سیفەتەی کەبەڕێزی تاکە کەسە خاوەنی کارگەی خشتەو شارەزایی تەواوی هەیە لەبەرهەمهێنانی خشتدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەکرد بەم شێوەیە:

***ئەم کارگەیە کەی دامەزراوەو کەوتووەتە بەرهەم؟**

-ئەم کارگەیە لەساڵی ١٩٧٩دا دامەزراوەو کارکردن تێیدا تاساڵی ١٩٨٤ی خایاندووەو لەهەمان ساڵدا کەوتووەتە بەرهەمهێنان.

***( مواصفات )ی بەرهەمی کارگەکەتان چی‌یە؟**

-کارگەکەمان لەلایەن کۆمپانیای کیلەری ئەڵمانیەوە دامەزراوەو بەرهەمی کارگە بەشێوەیەکی هونەری و ئوتۆماتیکی بەرهەم دێت، لەبەرئەوەی گڵی کوردستان لەجۆرێکی باشە، (مواصفات)ی خشتی کارگەکەمان لەسەرو (مواصفات)ی کۆنترۆڵ و پێوانەی جۆری عیراقیەوەیە، خشتی کارگەکەمان کون کونە کە لەبەغداد پێی دەڵێن (جمهوری) یان هونەری هەروەها سیفەتێکی باشی تری خشتی کارگەکەمان ئەوەیە کە (شۆرەی نیە) شۆرە بریتیە لەبوونی رێژەیەکی زۆری خوێ لەگڵدا کەناتوێتەوەو لەئاوداو لەدیواردا رەنگێکی سپی دەردەدات و لەژێر گەچ یان لەبغەوە دەردەکەوێت.

***کەرەستەی خاوی بەرهەمهێنانی خشت چین؟**

-کەرەستە خاوەکان بریتین لەگڵ بەرێژەی ٦٦٪و قوم بەرێژەی لە٣٤٪ لەگەڵ رێژەیەکی کەم لەکا بەمەبەستی کەمکردنەوەی رێژەی قوم لەبەرگرانی نرخی قوم لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بۆ یەکگرتن و بەهێزبوونی خشتەکە.سەرەتا گڵ و قومەکە تێکەڵ دەکرێن و لەگەڵ ئاودا تێکەڵ دەکرێن و بۆ ماوەی ١٥--٢٠ رۆژ گەر زیاتریش بێت باشترە بەجێدەهێڵرێ بۆئەوەی بترشێت، دوای دەچێتە هۆپەرەوەو لەکەسارەدا کەرەسە گەورەکان وردەکرێت و دواتر دەچێتە عەجانەوە بەمەبەستی شێلان و بەهۆی ڤاکیۆمەوە هەوای ناو گیراوەکە دەردەهێنرێت و دەچێتە (ئیکستیودەرەوە)و پاڵی پێوەدەنرێت بۆ ناو قاڵبەکان و دواتر بەپێوانەی دیاریکراوی خشت ٢٤ سم ×١١/٥ سم × ٧/٥ سم دەبڕێت و بەسەفتەکراوی لەقەفەسی تەڕەوە دەبرێت بۆ ناو (مجەفیفەکان) بۆ وشکردنەوەو نزیکەی ٣-٤ رۆژ دەمێنێتەوە، دواتر دەبرێتە قەفەسی وشکەوەو بەقایشی کۆنڤایەو دەبرێتە ساحەوەو لێرەوە ئیش و کارەکانی بەماکینە ناکرێت بەڵکو کرێکار ئیشوکارەکان جێبەجێ دەکەن و دانان و هەڵچنینی خشتەکان بەشێوەیەکی وا کەبەباشی سوربێتەوە لەناو کورەکاندا بەم شێوەیە خشتەکە دوای سووربوونەوەو ساردبوونەوەی دەردەهێنرێت و ئامادەدەکرێت بۆ فرۆشتن.

***توانای بەرهەمهێنان چەندەو بازاڕو فرۆشتن چۆنەو تەنها لەناوخۆدا بەکاردەهێنرێت؟**

-لەرۆژێکدا (٢٠٠٠٠ بیست هەزار) خشت بەرهەم دەهێنرێت تەنها لەبازاڕەکانی ناوخۆدا بەکاردەهێنرێت و ئەم دوو ساڵەی دوایی بازاڕ باش بووە.

***جیاوازی چی‌یە لەنێوان بەردو بلۆکۆ خشتی سوور بۆ دیوار؟ ئایا کامیان باشترە بەکاربهێنرێت لەرووی بەهێزی و تێچوون و تەندروستیشەوە؟**

لای هەمووان ئاشکرایە کەخشتی سوور بەکەڵکترە بۆ دیوار لەبەردو بلۆك چونکە دیواری خشت هیچکاتێك ناتەقێت و درزنابات و لەرووی تەندروستیشەوە لەسەرما و گەرما دەتپارێزێت و (نەگەیەنەر)ە (عازل)ەو لەرووی بەهێزیشەوە زۆر بەهێزترە لەبلۆك و بینای چەند قاتی بەرز بەخشت دروست بکرێت باشترە چونکە سوکترە لەبلۆك و بۆ بناغەی بینا بێ مەترسیە، لەئێستادا نرخی خشت بەرزترە

لەبلۆك، بەڵام ئەگەر پێداویستیەكانی بەنرخی هەرزان دەست بكەوێت ئەوا تێچوونیشی كەمتر دەبێتەوە.

***چ سووتەمەنی‌یەك بەكاردەهێنن بۆ سووركردنەوەی خشتەكان؟**

–نەوتی رەشی شیواشۆك بەكاردەهێنین كەبۆ بیست هەزار



قاڵب خشت بڕی ١٠ هەزار لیتر نەوتی رەش بەكاردەهێنرێت، ئەگەر گازوایل هەرزان بێت ئەوا بەكارهێنانی گازوایل باشترە.

***كێشەو گیروگرفتەكانتان چی‌یە؟ داواكاری‌و پێشنیازتان چی‌یە؟**

بۆئەوەی پیشەسازی خۆماڵی گەشە بكات‌و دیاردەی بێكاری لەوڵادا كەمبێتەوە پێشنیازدەكەین:

١–دابینكردنی نەوت‌و گازوایل بەنرخێكی هەرزان.

٢–دابینكردنی ئاووكارەبای بەردەوام

٣–رێگەگرتن لەهاتنە ناوەوەی بڕێكی زۆر لەخشتی سوور لەڕێگەی بەغداوە.

چونكە لەنرخدا زۆر هەرزانترە، بەڵام لەرووی باشیەوە ناگاتە خشتی كارگەكەمان چونكە ئەوان سووتەمەنیان زۆر بەهەرزان دەست دەكەوێت هەروەها كرێكارو پارەی كرێكارەكانیان زۆر هەرزانە.

٤–پێشنیازدەكەین كەحكومەتی هەرێم خۆی یان هانی خاوەن سەرمایەكان بدات بۆ دامەزراندنی چەند كارگەیەكی خشتی‌تر بەمەبەستی هاندانی هاووڵاتیان بۆ بەكارهێنانی خشت‌و كەمبوونەوەی بەكارهێنانی چیمەنتۆ.

٦–ئەگەر بتوانرێت قسڵ بەرهەمبهێنرێت لەكوردستاندا كەكەرەستەیەكی بیناسازی بەهێزو پتەوە ئەوا بەكارهێنان قسڵ زۆر باشترە ، لەكۆندا هەر قسڵ بەكارهاتووە لەدیواردا.

بەبەڵگەش هەموو ئەو شوێنەوارو جێگە دێرینانەیە كە لەكوردستان‌و دنیاشدا ماونەتەوە دوای چەندین ساڵ.

*ئێمەش لەكۆتایدا دەڵێین بەمەبەستی بەرەودان بەپیشەسازی خۆماڵی‌و كارگە بەرهەمهێنەكان‌و زیاتر بەكارهێنانی خشت لەبواری بیناسازیدا چونكە دەركەوتووە كەخشت گەلێك سیفاتی باشتری تێدایە لەبەردو بلۆك لەرووی ئەندازەییەوە بۆیە دەكرێت كە حكومەتی هەرێم بڕیار لەسەر بەكارهێنانی خشت بدات لەپرۆژە ئاوەدانیەكانداو كارئاسانی بۆ خاوەن سەرمایەكان بكات بۆ دامەزراندنی كارگەی خشت‌و رێگەگرتن لەهاتنە ناوەوەی خشت لەدەرەوەی هەرێمدا چونكە هەموو كەرەستە خاوەكان لەكوردستاندا دەستدەكەون لەجۆری زۆر باشیشن.

**ئەندازیارانی كوردستان پێشمەرگەی ئاوەدانكردنەوەن**

دروشمی كۆنگرەی یەكەم / ١٩٩٢

# کاریز

ئەندازیار: کامەران حەمە صالح کارگەچی

سەرەتا/ لەسەدەمی کۆندا کاتێك نیشتەجێبوون دروست بووە خەڵکی پشتیان بەستووە بەسەر چاوە ئاویەکانی رووبارو کانیاوەکانەوە کەبەهۆی ئەو سەرچاوانەوە ئاوەدانیان کردۆتەوەو دوای زیادکردنی نیشتەجێبوونو زیاد بوونی چڕی دانیشتوان خەڵکی بەرەو شوێنیتر کۆچیان کردووەو هیچ سەرچاوەیەکی ئاویان لێوە نزیك نەبووەو ناچار بوون بەلێدانی بیری قوڵو بەدروست کردنی (جەنجەڕ) ئاویان هەڵکێشاوە لەبیرەکەو گوزەرانیان لەئاوەکەی کردووە، وە ئەم کارە کارێکی گران بووە بۆیە هەوڵیان داوە ئاوەکە لەشوێنێکی دوورەوە نزیك بکەنەوە بەشێوەی هەڵکەندنی چاڵو بیر وە گەیاندنی بیرەکان بەیەکتری بەشێوەی توونێل، هەر لێرەوە دیاردەی دروست بوونی کاریز دەستی پێکردووە کەئەمەش سەرەتای ئەندازیاری سەردەمی کۆن بووە لەرووی بەکارهێنانی ئاوو دابین کردنی ئاو.

کاریز/

دیاردەی دروست بوونی کاریز دابین کردنی سەرچاوەی ئاوەکە هەر لەدێرزەمانەوە لەپێش ئیسلامدا ئەو دیاردەیە زۆر لەو شوێنانەی کەنیشتەجێ بوونو ئاوەدانی تیابووە ئەو دیاردەیە سەری هەڵداوە.

زیاتر ئەو شوێنانەی گرتۆتەوە کە ئاو سەرچاوەیەکی نزیك نەبووە بۆئەوەی گوزەرانی تیابکرێت هەر بۆیە لەکۆنەوە بیر لەوەکراوەتەوە کە بیر لێبدرێت تاگەیشتونەتە ئاو..

لێدانی بیریش لە(٣)م بۆ (٣٥)م هەڵکەنراوە بیرەکان بەشێوەی ئەستونی هەڵکەنراوە، وە بەستنی بیرەکان بەیەکتری‌یەوە بەشێوەی گۆرپیچکەو هێنانی ئاوەکە یەك لەدوای یەك بەشێوەیەکی گراڤیتی تاهێنانە سەر رووی زەوی‌و سوود لەئاوەکە وەرگیراوە بۆ خواردنەوەو ئاودێری لەزۆر شوێن ئەو بیرانە بەشێوەی لێدانی تونێل بۆ نزیك کردنەوەی سەرچاوەکە بۆ شوێنی مەبەست.

تونێلی لێدراو کە خەڵکی شارەزاو وردبین لەکارەکە هەر لەمەسافەی ٣٠-٥٠م بیرێك لێدراوەو شوێنی بیرەکان بەتونێل بەیەکتری گەیەنراون تاکو خاڵی دەرکەوتنی ئاوەکە لەرووی زەوی‌یەوە پەیدابووە.

لەدێرزەمانەوە ئەو خەڵکانەی کەشارەزابوون شیوەی لیڤڵیان بۆ نزیك بوونەوە لەئاستی سەرچاوەی ئاوەکە لەقوڵی بیرەکەوە بۆ خاڵی سفری دیاردەی دەرچوونی ئاوەکە بۆ سەر روی زەوی بەتەرازویەکی شێوە سێگۆشەیی کەقەپانێکی پێوە بووە لیڤڵ کراوە.

واتا کاریز دروست بوونی دیاردەیەکی سروشتی نی‌یەو مرۆڤ دروستی ئەکات بەشێوەیەکی ئەندازەو شارەزایی، بەڵام کانی سەرچاوەیەکی سروشتی هەڵقوڵاوی رووی زەوی‌یەو دەرکەوتووە، هەروەها رووباریش بەو شێوەیە سەرچاوەیەکی سروشتی‌یە.

هەر لەکۆنەوە ئەو کەسانەی کەخاوەن سەرمایەو پارەدارو دەوڵەمەند بوون بۆ نزیك بوونەوەی سەرچاوەی ئاوەکە بۆ خۆیان کاری دروست کردنی کاریزیان ئەنجام داوە هەر بۆیە



بەناوی ئەو کەسانەوە ناونراوە..

**چۆنیەتی بەکارهێنانی ئاوی کارێز بۆ گەیشتن بەماڵەکان لەکۆندا**

کاتێك کارێزێك ئەنجامدراوە ئەو ئاوەی کەگەیشتووەتە ئەو کەسەی کەپێویستی بەو کارێزە بووە، هەستاوە بەدروست



کردنی ئەستێلێك وە ئەو ئەستێلەی بەکارهێناوە بۆ پێداویستی رۆژانەی خۆیو لەوێشەوە بەگونجی سورەوەکراو بەشێوەی بۆری کە لەقور دروست کراوە گەیەنراوەتە ئەو ماڵانەی دەوروپشتی بەکارهێنانی کارێزەکان وەك سەرچاوەیەکی گرنگ بەشیوەیەکی دیار لەناو شارو شارۆچکەکاندا بەشێوەی ئەندازەیی گەیەنراوەتە کوچەو کۆڵانەکان یان بۆ مەبەستی خواردنەوە بەکارهاتووە یان بۆ مەبەستی گشتی وەکو (مزگەوتەکان، حەمامەکانی شار.. هتد).

بۆنموونە یەکێك لەو شارانە سلێمانی‌یە کە ٢١٨ ساڵ لەمەوبەر بنیاتنراوە سەرچاوەی ئاو یان کارێز بووە کە لەسەر دەستی چەند پیاوێکی دەوڵەمەند کارێزیان دروست کردووە کەژمارەیان ٥٦ کارێزەو گەیەنراوەتە ئەو شوێنانەی کەنیشتەجێ‌ی بوون..

دوای زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لەساڵەکانی بیستدا سەرچاوەی یەکەمی ئاو کارێز بووە کە لەسەردەمی مەلەکیدا چوار کارێز کراوەتە پرۆژەو بەشێوەی بۆری‌و گونجی سوورەوەکراو گەیەنراوەتە ماڵەکان کەئێستاش ئەو پرۆژانە لەکاردان‌و سەرچاوەکانیان بەسەرچاوەیەکی گرنگ دەژمێردرێت وەك کارێزی (عزیز اغا) کەگەیەنراوەتە شەبەکەی بەشێکی مەلکەندی‌و شێخانەوەو تاوەکو بەردەرگی سەرا.

(حاجی بەگ) کەگەیەنراوەتە شەبەکەی ئیبراهیم پاشا.

(شێخ مەحمود) کەگەیەنراوەتە شەبەکەی گەرەکی تووی مەلیك‌و ئیسکان.

(مەجید بەگ) کەگەیەنراوەتە مەجید بەگ (سلێمانی نوێ).

**کارکردن بۆ پێگەیاندنی ئەندازیارانی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و روناکبیریان بۆ دەستەبەرکردنی گەشەی ئاستی پیشەیی ئەندازیاران لە هەردوو لایەنی زانستی و پراکتیکییەوە تا بگونجێ لەگەڵ پێداویستییەکانی گەشەکردنی زانستیدا.**

**بەندی (٤) لە پڕۆگرام و پەیڕەوی ناخۆ**

## ئاگادارییەك

## لە گۆڤاری (ئەندازیاران)ەوە

ئەندازیارانی بەڕێز..

گۆڤاری (ئەندازیاران) گۆڤاری خۆتانە، داواکارین بابەت و لێکۆڵینەوەی ئەندازەییمان بۆ بنێرن تاکوو بۆتان بڵاوبکەینەوە. تکایە رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن :

١- لەسەر یەك رووی کاغەزەکە بنووسن و درێبپەڕێنن ، ئەگەر بەکۆمپیوتەر چاپ کرابێت باشترە .

٢- بابەتەکان وێنەی لەگەڵدا بێت باشترە ، هەروەها وێنەی شەخسی خۆشتان .

٣- هەموو بابەتێك کەبڵاوبکرێتەوە پاداشتی نوسەرەکەی ئەکرێت .

٤- بابەتەکانتان بگەیەننە ئەم شوێنانەی خوارەوە :

ا- کۆمیتەی باڵا.

ب- لقی سلێمانی .

ج- لقی کەرکوك.

د- لقی هەولێر لە کۆیە

هـ- نوێنەرایەتی خانەقین.

و- نوێنەرایەتی چەمچەماڵ .

ز- نوێنەرایەتی کەلار .

ح- نوێنەرایەتی رانیە .

# دەفتەری سەروەری



## ئەندازیاری شەهید :
## عەباس خەلیفە یاسین دەلۆ

*ساڵی ١٩٣٥ لەشاری خانەقین لەدایك بووە.

*ساڵی ١٩٦٢ كۆلیژی ئەندازیاری بەشی نەوت لەئەڵمانیای رۆژهەڵات تەواوكردووە.

*لە١٩٦٣/٢/٢٠ پەیوەندی كردووە بەهێزی پێشمەرگەی كوردستانەوە لەشۆڕشی ئەیلولدا.

*لە١٩٦٣/٨/٢٨ بەدەستی حەرەس قەومیەكانی رژێمی داگیركەری كوردستان بەدوای سەیارەدا لەشاری دوز رایانكێشاو شەهیدیان كرد.

*ژنی هێناوەو كوڕێكی لەپاش بەجێماوە بەناوی شێركۆ.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاكی شەهید عەباس و تێكڕای شەهیدانی رێگای رزگاری كوردستان

**ئەندازیار**
**داینەموی ژیانە**



## ئەندازیاری شەهید :
## ئەحمەد حەمە كەریم

*لەساڵی ١٩٤٣ لەگەڕەكی (ئابلاخ)ی شاری سلێمانی لەدایك بووە.

*لەساڵی ١٩٦٠ قوتابخانەی ئەیوبیەی سەرەتایی تەواوكردووە.

*لەساڵی ١٩٦٥ ئامادەیی لە(ئامادەیی سلێمانی) تەواوكردووە.

*لەساڵی ١٩٦٦ لەمعهد صناعی عالی وەرگیراوەو دواتر زانكۆی تەكنەلۆژیای بەغدا/بەشی كارەبای لەساڵی ١٩٧٢ تەواوكردووە.

*لەساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی كردووە بە(كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستانەوە).

*لە١٩٧٧/٤/١٤ لەلایەن رژێمی بەعسەوە گیراوەو پاش ئەشكەنجەو ئازاردانێكی زۆر لەئیستخباراتی سلێمانی و هەیئەی خاصەی كەركوك فەرمانی لەسێدارەدانی دراوەو لەشەوی ١٩٧٧/١٠/١٦\١٥ شەهیدكراو گیانی گەیشتە كاروانی سەروەری و لەلایەن خەستەخانەی موسڵەوە نێژراوە.

*لەساڵی ١٩٦٨ خێزانی پێكەوەناوەو كچێك و دوو كوڕی لەپاش بەجێماوە.

هەزار سڵاو لەگیانی پاكی شەهید ئەحمەدو تێكڕای شەهیدانی رێگای رزگاری كوردستان

# فەرهەنگی زاراوەی ئەندازەیی

**ئامادەکردنی**

**ئەندازیار حەمە ئازاد تەها**

**وتەیەك**

ئــــــەندازیاران، خوێنــــــــەران، زانســتخوازانی ئــازیز، نیازمــەندین لــەم گۆشەیەدا (فەرهەنگی ئەندازەیی) زاراوە زانســــتیەکانی ئــــەندازە، ئاشــــنابکەین بـــــەنێوەی خۆشەویســت، بۆئــەوەی ببێتــە هــەنگاوێك بــۆ بــەکارهێنانیان بەشــێوەیەکی راســتورەوانو لەشــوێنی خۆیــدا هــەروەها بۆئەوەی ببێتە سەرچاوەیەك بۆ کۆکردنــەوەی ئــەو زاراوانـــەو چاپکردنیـــان لــــەدووتوێی فەرهــەنگۆکێکی بچوکدا، پــاش ئــەوەی ژمارەیــەکی باشمــان کۆکـــــردەوە، بۆیـــــە داوا لەئەندازیارانو زانستخوازانی ئازیز دەکەین کە ئەو زاراوانــەی بەشیاوی دەزانــن لەگشــت بوارەکــانی ئــەندازەدا (شارســتانی، تەلاســازی، کارەبــایی، میکانیکی، ئاودێری، کیمیایی، نەوت ..... هتد ) بۆمــان بنــێرن، بــۆ زیــاتر دەوڵەمــەندکردنی گۆشــەکەمانو گــەر هەڵەیەکمان کرد بۆمــان راســت بکەنەوە گەر بەرامبەر زاراوەکان بێجگە لەکوردی، بــەزمانی عــەرەبیو ئینگلــیزیش بنووســرێ ئــەوا زیــاتر خزمــەت دەگەیــەنێت جــارێکیتر سوپاســی هاوکاریتــان دەکــەین لەڕێگــەی بارەگــای یــەکێتی ئــەندازیارانی کوردســتان–گۆڤــاری ئــەندازیاران– گۆشەی فەرهەنگی ئەندازەیی.

| ژ | کوردی | عەرەبی | ئینگلیزی |
|---|---|---|---|
| ١ | کۆنکرێت | خرسانة | CONCRETE |
| ٢ | کۆنکرێتی شیشدار<br>کۆنکرێتی شیشبەند | خرسانة مسلحة | REINFORCEMENT CONCRETE |
| ٣ | چیمەنتۆ | سمنت | CEMENT |
| ٤ | چەو | حصو | GRAVEL |
| ٥ | لم | رمل | SAND |
| ٦ | هەڵگرە، راجە، دیرەك، کاریتە | جسر، عتبة | BEAM |
| ٧ | پرد | جسر | BRIDGE |
| ٨ | پایە | عمود | COLUMN |
| ٩ | بناغە | اساس | FOUNDATION |
| ١٠ | گونج، ئاوبەر | قنطرة | CULVERT |
| ١١ | تێرێژی ئاوبەر | مدخل قنطرة | INLET OF CULVERT |
| ١٢ | لێرێژی ئاوبەر | مخرج قنطرة | OUTLET OF CULVERT |
| ١٣ | جێبەجێکردن | تنفيد | IMPLEMENT,EXECUTION |
| ١٤ | سەرپەرشتیکردن | اشراف | SUPERVISION |
| ١٥ | سۆراخ، بەدواداچوون | متابعة | FOLLOWING UP |
| ١٦ | دەرخستەی خەمڵێنراو | كشف تخميني | ESTIMITED PROPOSAL |
| ١٧ | خشتەی هێندە | جدول كميات | BILL OF QUANTITIES |
| ١٨ | پێوانەژمێری کۆتایی، دواپێوانەژمێری | الزرع النهائية | FINAL MEASUREMENT |
| ١٩ | هێند | كمية | QUANTITY |
| ٢٠ | نرخ | سعر | PRICE |
| ٢١ | تێچوون | كلفة | COST |
| ٢٢ | یەکە | وحدة | UNIT |
| ٢٣ | لەبڕ | جملة | LUMP SUM |
| ٢٤ | سەربان | سطح | ROOF |
| ٢٥ | بنمیچ، یان (میچ) | سقف | CEILING |

# بەرزكردنەوەی پلە

## ئەندازیاری بەڕێز:

کۆمیتەی باڵا، دوو هەفتە جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەبەستێتو لەکۆبوونەوەکاندا بڕیار لەسەر بەرزکردنەوەی پلەی ئەو ئەندازیارانە ئەدات کەداوایان پێشکەش کردووەو هەموو مەرجەکانیان تێدایە . لەخوارەوە ناوی ئەو ئەندازیارانە دەنووسین کە لە١/١/٢٠٠٢وە تا ٢٠٠٢/٤/١ پلەیان بەرزکراوەتەوە.

### یەکەم: بەرزکردنەوەی پلە لە(یاریدەدەر) ەوە بۆ (کارا)

١-ئیدریس محەمەد عەزیز
٢-عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح
٣-عەلی مدحت محەمەد
٤-شیروان نجم الدین
٥-جەزا حەسەن حسێن
٦-شیلان عەلی فەرەج
٧-فەرهاد رەحیم کەریم
٨-ئاری ئەحمەد محەمەد
٩-سەلاح عارف سەعید
١٠-ئاوات فەرەج سەعدون
١١-شێرکۆ ئەحمەد حەمە کەریم
١٢-سروش تاهر محەمەد
١٣-ئیبراهیم عەبدولرەحمان قادر
١٤-دلێر عومەر ئەحمەد
١٥-ئەبوبەکر حەمە حسێن
١٦-جەلال عەزیز ئیبراهیم
١٧-تەها یاسین حەمە سەعید
١٨-سەرهەنگ مەحمود حەسەن
١٩-شنۆ محەمەد عەبدوڵڵا
٢٠-سەردار عومەر ئەحمەد
٢١-کێوان محەمەد رەفیق
٢٢-نازەنین ئەحمەد نصرالله
٢٣-سۆران محەمەد حەمەئەمین
٢٤-خەندە نەدیم داود
٢٥-چرۆ جەبار محەمەد
٢٦-دیاربەکر حەمە عەلی
٢٧-نیاز ئەحمەد حەمە عەلی
٢٨-هەوار مستەفا کەریم
٢٩-بەهرۆز تاهر بەکر

### دووەم: بەرزکردنەوەی پلە لە(کارا) وە بۆ (ڕێپێدراو)

١-رزگار عەبدولقادر حەمە ئەمین
٢-هیوا عەبدوڵڵا عەبدولرەحمان
٣-ئەبەز محەمەد عەلی محەمەد ساڵح
٤-هێرۆ ئەنوەر برزۆ
٥-سەیران تەها ئەحمەد
٦-سیامەند کاك ئەوڵا رەفیق
٧-جەمال محەمەد شکور سەعید
٨-باقی تاهر محەمەد
٩-فەرهاد کاکەرەش کەریم
١٠-شێرزاد حەمە رەشید
١١-لوقمان ئەنوەر مەحمود
١٢-یاسین حەمە رەشید
١٣-وشیار حەمە سدیق محەمەد
١٤-عادل حەسەن کەریم
١٥-دلێر رەزا محەمەد
١٦-ئەڵوەند عەباس عەبدوڵڵا
١٧-جوان محەمەد دڵشاد
١٨-عادل محەمەد ئەحمەد
١٩-تەها عەبدوڵڵا کەریم
٢٠-ئیبراهیم رۆستەم حەسەن
٢١-جەبار جەوهەر عەلی
٢٢-تەها عومەر کەریم
٢٣-سەلاح عارف سەعید
٢٤-کاروان فەتاح رەشید
٢٥-کاوە ئەحمەد فەقێ عەزیز
٢٦-بەهرۆز رەشید دەروێش
٢٧-سۆزان عوسمان ئەحمەد
٢٨-جووتیار رەشید کاکە ئەمین
٢٩-تەها عومەر عەبدولرەحمان
٣٠-شیروان حەمە جەعفەر عەبدولکەریم
٣١-فەرهاد حەمە ساڵح محەمەد
٣٢-عەبدولرەزاق بایز ئەمین
٣٣-شوان عەلی مەولود
٣٤-فاتح عەبدوڵڵا شەریف

### سێیەم: بەرزکردنەوەی پلە لە(ڕێپێدراو) ەوە بۆ (ڕاوێژکار)

١-حسام الدین محەمەد میرزا
٢-کامەران حسێن محەمەد
٣-ئیسماعیل تاهر زاهر
٤-مصدق عەلی سەعید

# بەیانی کۆتایی
## کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی ی ئەندازیارانی کوردستان

لەکوردستانی ئازادو دوور لەدەسەڵاتی فاشی یەکان بۆ یەکەمین جار لەمێژووی گەلەکەماندا و لەژێر دروشمی (ئەندازیارانی کوردستان پێشمەرگەی ئاوەدانکردنەوەن)و ڕۆژانی ٢٧/٤-١/٥/١٩٩٢ لەشاری هەولێری دێرین ئەندازیارانی کوردستان کۆنگرەی دامەزراندنی (یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان) یان بەست.

بەئامادەبوونی (١٠٩) ئەندازیار لەسەرجەمی (١١١) ئەندازیار کەنوێنەری هەڵبژاردراوی ئەندازیارانی هەموو شارەکانی کوردستان بوون و (٢) ئەندازیاریش وەك ئەندامی چاودێر (عضو مراقب) ئامادەبوون.

کۆنگرە کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەمەی ڕێکەوتی ٩٢/٤/٢٧ لەهۆڵی (المجلس التشريعي) بەدەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکردو بەخێرهاتنی میوانەکان و ئامادەبووان کرا. پاشان وتاری بەرەی کوردستانی و لایەنە سیاسیەکانی ناو بەرەی کوردستانی و وتاری ڕێکخراوە یەکگرتووەکانی کوردستان لەلایەن نوێنەرەکانیانەوە پێشکەشکراو چەند بروسکەیەکی پیرۆزبایش خوێندرایەوەو دانیشتنەکە بەخوێندنەوەی وتاری لیژنەی باڵای ئامادەکاری یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان کۆتایی پێهات.

پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ دانیشتنی کارەکانی کۆنگرە بەخوێندنەوەی ڕاپۆرتی سەرجەمی کارو چالاکیەکانی لیژنەی باڵای ئامادەکاری دەستی پێکرد.

پاشان لیژنەی سەرپەرشتی کۆنگرە بەرەزامەندی تێکڕای ئەندامانی کۆنگرە لەئەندامانی لیژنەی باڵای ئامادەکاری هەڵبژێردران و ئەم لیژنانەشی لێبووەوە:

ا-لیژنەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ.

ب-لیژنەی هەڵبژاردنی شیعاری یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان.

ج-لیژنەی بڕیارو ڕاسپاردە.

لەبەرئەوەی کۆنگرە ، کۆنگرەی دامەزراندن بوو نیشەکانی زیاتر لەسەر پڕۆژەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ بوو کە لەلایەن لیژنەی ئامادەکاری یەوە ئامادەکرابوو ئەرکی لیژنەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ خرایە سەرشانی لیژنەی سەرپەرشتی کۆنگرەو دەرگای گفتوگۆ خرایە سەرپشت و لەکەشوهەوایەکی ئازادو دیموکراتیانەدا، لەماوەی ڕۆژانی کۆنگرەدا بەتێرو تەسەلی لەسەر هەموو خاڵەکانی گفتوگۆ کرا، لەئەنجامدا پوختەی ڕاوبۆچوونەکان بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەرئەدرا. یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی مشتومڕی زۆر لەسەر کرا، پێناسەی یەکێتی یەکە بوو پوختەی ڕاوبۆچوونەکان بەتێکڕای دەنگ گەیشتە ئەم پێناسەیە



(ڕێکخراوێکی پیشەیی نیشتمانی دیموکراتی سەربەخۆیەو کەسێتی مەعنەوی هەیەو بەشێکی دانەبڕاوە لەبزووتنەوەی ڕوگاری خوازی نیشتمانی کوردستانی ی پێشکەوتووخواز هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجە پیشەیی یەکانی ئەندازیارانی کوردستان ئەدات).

هەروەها لەو ئامانجانەی یەکێتییەکە کەبڕیاری لەسەردرا بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری ئەندازیارانو یەکخستنی هەوڵو توانایان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو بەرگری لە مافی ئەندازیاران و دابینکردنی دووا ڕۆژیان .

لیژنەی هەڵبژاردنی شیعاری یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان ٤١ نموونەی پێگەیشتبو دوای چەند کۆبوونەوەیەك نەگەیشتە دوا بڕیار بۆ هەڵبژاردنی شیعارەکەو بڕیاردرا کەدەسەڵات بدرێ بەکۆمیتەی باڵاو بانگەوازێکیتر بڵاوبکرێتەوە بۆ هەموو ئەندازیارە معماریو هونەرمەندە تەشکیلیەکان بۆ کێشانی کلێشەی تری شیعاری یەکێتییەکەو لیژنەیەکیتر بۆ هەڵبژاردنی شیعارەکە پێك بهێنرێ.

ئەو بڕیارو راسپاردانەی لەلایەن لیژنەکەوە ئامادەکرابوو خاڵ بەخاڵ گفتوگۆی لەسەرکراو چەند خاڵێکی رەتکرایەوەو ئەوانیتری بەزۆرینەی دەنگ بڕیاردران، لەو بڕیارو راسپاردە گرنگانەی کەجێی باسەو پشتگیری کردنی مافی چارەی خۆنووسیو هەروەها کۆنگرە بڕیاریدا هەڤاڵی تێکۆشەر کاك (سامی عەبدولرەحمان) ببێتە سەرۆکی شانازی (فخری) یەکێتییەکەو داواکردن لەسکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بەمانەوەی رێکخراوە فریاگوزاریە بیانیەکانو ناردنی رێکخراوی ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوەیتر بۆ کوردستانو پشتگیری داوا رەواکانی دەرچووانی پەیمانگاکانی تەکنەلۆژیو هەوڵدان بۆ یەکگرتنی دەزگاکانی ئاوەدانکردنەوە، هەروەها بڕیاردرا رۆژی ٢٧/٤ی هەموو ساڵێك بەرۆژی (ئەندازیارانی کوردستان) دابنرێت .

ئەوەی شایانی باسە یەکێك لەدانیشتنەکانی کۆنگرە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان تەرخانکرابوو نوێنەری هەر چوار دەزگاکەی ئاوەدان کردنەوە (KURDS- KSRO- KRO- KRA) ئامادەبوونو گفتوگۆیەکی فراوانو دیموکراتیانە لەسەر ئاوەدانکردنەوەو تەنسیقی نێوان هەر چوار دەزگاکەو کارەکانیان کراو لەئەنجامدا بەرەزامەندی نوێنەرانی هەر چوار دەزگاکە بڕیاردرا کەلیژنەیەکی تەنسیقی باڵا لەنوێنەرانی چوار دەزگاکەو نوێنەری یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان پێك بهێنرێت.

دوا دانیشتنی کۆنگرە ١٩٩٢/٥/١ بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی باڵای یەکێتییەکە تەرخانکرابوو، ٢٣ ئەندازیار خۆیان پاڵاوتو بەئامادەبوونی دادوەر دەستکرا بەدەنگدانو جیاکردنەوەی دەنگەکانو لەئەنجامدا ئەم ئەندازیارانەی خوارەوە هەڵبژێردران.

١-طیب جبار امین ٦٣ دەنگ
٢-سالار جەلال سەعید ٦٠ دەنگ
٣-سامی صابر عەلی ٥٧ دەنگ
٤-عەبدولمەجید عەبدولحەمید محەمەد ٥٦ دەنگ
٥-مەحمود عەزیز فەقێ محەمەد ٥٦ دەنگ
٦-دلێر صدیق عەبدوڵلا ٥٦ دەنگ
٧-عەبدولقهار عەزیز عەلی ٥٤ دەنگ
٨-زیرەك اسماعیل سەرهەنگ ٤٩ دەنگ
٩-محەمەد ئەحمەد شەریف ٤٩ دەنگ

ئەم ئەندازیارانەش بەیەدەك دەرچوون:

١-ئیبراهیم سەعید محەمەد ٤٧ دەنگ
٢-زانا مستەفا عوزێری ٤٦ دەنگ

لەکۆتاییدا بەبۆنەی کۆتاییو سەرکەوتنی کۆنگرەو لەدایك بوونی یەکێتییەکەوە بروسکەیەك بۆ بەرەی کوردستانی نێردرا.

**کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**

هەولێر/ ١٩٩٢/٥/١



# دەستڕێژ

نوسینی : طیب جبار

**پێش راپەرین زۆرمان ئەوت ، ئەمان وت ئێمە واین و واین ، میللەتی کورد وایەو وایە ، کەفائات و کادرمان وان و وان ، گەر خۆمان حوکمی خۆمان بکەین ، وائەکەین و وائەکەین .یانزە ساڵە حوکم بەدەست خۆمانەوەیە ، بەڵام وانەبوو .**

یانزە ساڵە بێ پلان ئیش ئەکەین .

یانزە ساڵە بێ لێکۆڵینەوە ئیش ئەکەین .

یانزە ساڵە بێ دیزاین ، بێ نەخشە ئیش ئەکەین .

یانزە ساڵە ...... ................ هتد .

بینایەکی جوانمان دروست نەکرد .

خانویەکی جوانمان دروست نەکرد .

دەرگایەکی جوانمان دروست نەکرد .

پەنجەرەیەکی جوانمان دروست نەکرد .

جادەیەکی جوانمان دروست نەکرد .

پردێکی جوانمان دروست نەکرد .

شۆستەیەکی جوانمان دروست نەکرد .

فولکەیەکی جوانمان دروست نەکرد .

تەقاتوعێکی جوانمان دروست نەکرد .

باخچەیەکی جوانمان دروست نەکرد .

پارکێکی جوانمان دروست نەکرد .

سەیرانگایەکی جوانمان دروست نەکرد .

دێیەکی جوانمان دروست نەکرد .

شارێکی جوانمان دروست نەکرد .

هیچمان دروست نەکردو هەر پارە سەرف ئەکەین .

بەنزینخانەی ناشیرینمان زۆر دروست کرد .

نەخشەی بنەڕەتی نارێکمان زۆر جێ‌بەجێ کرد .

گۆڕو گۆڕستانی تەنگەبەرمان زۆر دروست کرد .

کۆڵان و گەڕەك وشاری شێواومان زۆر دروست کرد .

کێ بەر پرسیارە ؟؟؟

ئەندازیاران بەرپرسیارن .

لێپرسراوان بەرپرسیارن .